مەحمود موعەزەمی



# ئامانج

گەورەترین فانۆسی دەریایی مرۆڤ

وەرگێڕانی: شاهۆ لەتیف

Scanned by CamScanner

# ئامانج

## گەورەترین فانۆسی دەریایی مرۆڤ

مەحمود موعەزەمی

وەرگێڕانی: شاهۆ لەتیف

Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
زنجیرە(٦٢٨ )

## ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: ئامانج
- نوسینی: مەحمود موعەزەمی
- وەرگێڕانی: شاهۆ لەتیف
- بابەت: سایکۆلۆژی
- دیزاین و بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١٧
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠دانە


***ناونیشان:***

سلێمانی، سابونکەرا، نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە ڕووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٢) یان (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Scanned by CamScanner

زۆر سوپاس بۆ بەرێز کاک "سەنگەر سالار"ی هاورێی زۆر خۆشەویستم کە هەڵەچنی ئەم بەرهەمەی لەئەستۆ گرت.



Scanned by CamScanner

## ئامانج، یان گەورەترین فانۆسی دەریایی مرۆڤ

- ئایا دەتەوێت لە ژیانتدا ئامانجی بەهادار و بەکەڵك و سازێنەرت هەبێت؟

- ئایا دەتەوێت شاد، خۆشحاڵ، سەربەرز، کاریگەر و سوودمەند بیت؟

- دواجار دەتەوێت، خۆت، خێزانەکەت، شارەکەت، وڵاتەکەت و دنیا بکەیتە شوێنێکی باشتر؟

سوپاست دەکەم بۆ ئەو کاتەی تەرخانتکردووە بۆخوێندنەوەی ئەم کتێبە. سوپاست دەکەم بۆ ئەو بڕە پارەیەی کە دات و لە خۆتا خەرجتکرد و سەرمایەگوزاریت بۆ خۆت کرد. دواجاریش سوپاست دەکەم لەبەر ئەو بوێری و ئازایەتییەی لە خۆت نیشانت داوە و دەتەوێت ببیتە کەسێکی باشتر لەوەی کە ئێستا هەیت، ئەمەش یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی خزمەت بە خۆت، بە مرۆڤ و بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.



Scanned by CamScanner

بەر لەوەی بچینە ناو بابەتەکەوە، وەك خووی هەمیشەیی دەمەوێت بەو شێوازانەی من بۆ بابەتەکان هەڵیان دەبژێرم، پێکەوە ئاشنا ببین و پێیدا بچینەوە.

ئەو شێوازەی من هەڵمبژاردووە، شێوازێکە بە ناوی ئەکسلەرێت لێرنینگ (accelerate learning) بە کوردی واتە: فێربوونی خێرا.

لەم شێوازەدا بە پێچەوانەی شێوازی ئاساییەوە، دوای بیستوچوار سەعات لەبری ئەوەی لە سەدا هەشتای بابەتەکانت لە بیر بچێتەوە، لە سەدا هەشتای بابەتەکان لە یادەوەریتا دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەو ڕاهێنانانەی پێتی دەڵێم، ئەنجامی بدەیت، تا کۆتایی تەمەن لە یادەوەریتا دەمێنێتەوە.

لەم شێوازەدا، من زیاتر پرسیار دەکەم.

پرسیار سوودی چییە؟ لە زمانی ئینگلیزی دا دەڵێن: "question hook the maind" پرسیار لە مێشك گیر دەبێت. چۆن؟ ئێوە ئێستا هەر بابەتێك پێتان خۆشە بیری لێ بکەنەوە.

- ببورە، تۆ ناوت چییە؟

ئیتر بیر لەو بابەتە ناکەیتەوە کە پێش پرسیارەکەی من بیرت لێ دەکردەوە.

هەر ئەوەندەی پرسیارتان لێ کرا، مێشکتان هەر بابەتێکی



Scanned by CamScanner

تێدا بێت، وازی لێ دەهێنێت و وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

یەکێك خەفەتی هەیە، یەکێك کێشەی هەیە، یەکێك خۆشەویستێکی لە دەست داوە، لێی بپرسە: کاکە، خانم، فڵان شەقام لە کوێیە؟ دەڵێت: حەوسەڵەم نییە، بەڵام یەك چرکەسات بابەتەکەی خۆی لە بیر دەکات کە وەڵامت بداتەوە.

کەسانی سەرکەوتوو، ئەو کەسانەن کە پرسیاری باش لە خۆیان دەکەن. کەسانی سەرکەوتوو، ئەو کەسانەن کە پرسیاری گەورە و پڕ بەها لە خۆیان دەکەن. هەر لەبەر ئەوە، چونکە مێشکیان دەیەوێت وەڵامیان بداتەوە، ئەوان سەرکەوتوو دەبن.

بە پێچەوانەوە، ژمارەیەك هەن ئامانج و پرسیاریان لە ژیاندا ئەوەیە، خوایە چی بکەم تا لە ناوی ببەم؟ چی بکەم پشتی بشکێنم؟ چی بکەم ئیتر نەتوانێت لە بەردەمما قسە بکات؟ کاتێك سەرکەوتوو دەبێت، دوژمنێکی تری بۆ خۆی زیاد کردووە، هیچیشی دەست ناکەوێت!

داوا لە خوا بکە سەرکەوتووت بکات کە یارمەتیی ئەوانی تر بدەیت. داوا لە خوا بکە سەرکەوتووت بکات کە ژیانت باشتر بێت، ژیانی ئەوانی تریش باشتر بکەیت، شارت، وڵاتت، کۆمەڵگەکەت ئاوەدانتر بێت. بەم شێوەیە، چونکە دەتەوێت بەم وەڵامە بگەیت، چونکە دەتەوێت بەم ئامانجە بگەیت، ئەوانی تریش لەگەڵتدا گەشە دەکەن.



Scanned by CamScanner

بابەتی دووەم کە داوا لە ئێوە دەکەم، دووبارەیە. ئەگەر من بڵێم: من خۆمم خۆش دەوێت، ئەمە مانایەکی هەیە، هەر یەك لە ئێوەش دەڵێن: ئەم پیاوە خۆی خۆش دەوێت. ئێستا من تکاتان لێ دەکەم بڵێن من خۆمم خۆش دەوێت.

بەڕاستیش خۆتانتان خۆش دەوێت، بەڵگەشم ئەوەیە کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە، دەتانەوێت ژیانێکی باشتر دروست بکەن.

ئێستا ئەم گوزارشتە بەقەد ژمارەی ئێوە مانای پەیدا کرد. ئیتر تەنیا من نەموت، هەمووتان وتتان. کاتێك بابەتێك باس دەکەم و داواتان لێ دەکەم، دووبارەی بکەنەوە، بۆ ئەوەیە کە لە مێشکتاندا بمێنێتەوە، تەنیا من نەموتبێت، خۆشتان وتبێتتان.

هەروەها سێیەمین و کۆتاهەمینیان: سێ وشەی ترسناك لە ڕستەسازیی مرۆڤەکاندا هەیە، کە بە ئینگلیزی دەکاتە ئەم ڕستەیە:(I know that) من ئەمە دەزانم. ئەم سێ وشەیە زۆر زۆر ترسناکن.

هەر هێندەی کە وتت من ئەمە دەزانم، دەزانن چی ڕوو دەدات؟ ئیتر فێر نابیت! چونکە دەیزانیت. کام مرۆڤی ژیر دێت وزەی خۆی بە فیڕۆ بدات؟ ئێستا چ کەسێك دەزانێت؟ ئێمە کاتێك بابەتێك دەزانین کە کرداری پێ دەکەین، ئەگینا یان بیستوومانە، یان خوێندوومانەتەوە، یان پێمان وایە دەیزانین!

دەمەوێت تکاتان لێ بکەم تا کۆتایی ئەم کتێبە وێناکردنی



Scanned by CamScanner

ئەوەی کە شتێك دەزانن، لە مێشکتان بکەنە دەرەوە. زەینتان پاك ڕابگرن، ڕێگە بدەن ئەم بابەتانە لە مێشکتاندا بنیشێت. ئەگەر دەتزانی، ئەوا جەختکردنەوەیەکە لەسەر زانیارییەکانت، ئەگەریش نەتدەزانی، شتێکی تازە فێر دەبیت و پاشان دەست بە بەتاڵ نابیت.

من کاتێك تەمەنم دە بۆ یازدە ساڵێك دەبوو، ڕەفتاری پەپوولەیەکی کرمی ئاورێشم سەرنجی ڕاکێشام.

ئەو کاتانە من کرمی ئاورێشمم بەخێوو دەکرد. گەراکەیم دەهێنا و لەسەر گەڵایەکی دار توو دام دەنا تا دەبوو بە کرم.

کرمەکان چەند جارێك پێستیان دەگۆڕی، کاتێك بۆ دواین جار پێستیان دادەنا، دەچوون بە چواردەوری خۆیاندا قۆزاخەیان دروست دەکرد، قۆزاخەی ئاوریشم. پاش ماوەیەك ئەم قۆزاخەیان کون دەکرد و دەهاتنە دەرەوە. کاتێك دەهاتنە دەرەوە، ئیتر کرم نەبوون، دەبوون بە پەپوولە. پەپوولەیەکی جوان، باڵی گەورە، پڕ لە نەخش و نیگار، مرۆڤ سەری سوڕ دەما لەو گۆڕانکارییە گەورەیەی ڕووی داوە! من لە کەوانەیەکدا پێتانی بڵێم: "خوشکان، برایان، ڕێگە بدەن منداڵەکانتان لە سروشتدا فێری ژیان بن. هیچ سەگێك بێچووەکەی بۆ زانکۆ نانێرێت، بەڵکو بێچووەکان، سەگ بوون و پشیلە بوون و ئەسپ بوون، لە سروشتەوە فێر دەبن".

زانکۆ باشە، قوتابخانە باشە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی من

گیانلەبەرەکان نەناسم، درەختەکان نەناسم، تۆو نەچێنم، نەمام نەڕووێنم.

ئەو پەپوولەیەی من هەمبوو، کاتێك خەریك بوو دەهاتە دەرەوە و یەکەمجار بوو بیبینم، قوتوویەکم هێنا و کونم کرد و کردم بە سەریدا، ئاگاداری بووم کە پەپوولە نەفرێت و بڕوات، بێ ئاگا لەوەی کە ئەم پەپوولەیە ئەسڵەن نافڕێت! نەوەك نافڕێت، هیچیش ناخوات! زۆریش لە چواردەوری خۆی دوورناکەوێتەوە! ماوەیەك تێپەڕی، لە خۆمم پرسی: بۆچی؟ پاشان بۆم دەرکەوت ئەم پەپولەیە پێویستی بە باڵێدان نییە، پێویستی بە فڕین نییە، تەنانەت پێویستی بە خواردن نییە، بەڵکو بە ئەندازەی پێویست وزەی تێدایە. کار و ئامانجی ئەم پەپولەیە، شتێك زیاتر نەبوو لە جووتبوون و گەرا دانان، کاتێکیش گەراکانی دادەنا، وشك دەبووەوە و لەناو دەچوو ر دەمرد!

لە هەمووی سەیرتر، تا کاتێك جووتەکەی پەیدا دەکرد، زیندوو بوو، هەرچەند زووتر جووتەکەی پەیدا بکردایە، زووتر وشك دەبووەوە و دەمرد!

لەوێدا من پرسیارم لە خۆم کرد، بۆچی نافڕێت؟ بۆچی خواردن ناخوات؟ پاشان بۆم دەرکەوت ئامانج لە بەدیهاتنی، ئامانج لەم گۆڕانانە، ئەوەیە کە گەرا دابنێت، تەواوی ئامانجی ئەمەیە، گەرا دابنێت و درێژە بە ڕەگەزی خۆی بدات! بوونی بە کرم و خواردنی



Scanned by CamScanner

گەڵای توو، هەموو ئەمانە، بۆ مانەوەیەتی، ململانێی مانەوەیە!

ئەو ڕۆژە ئامانج لە زەینی مندا سەوز بوو. لە خۆمم پرسی: من بۆچی بەدی هاتووم؟ من ئامانجم چییە؟ ئێستاش ئەم پرسیارە لە ئێوەی بەڕێز دەکەم: بەڕاست ئامانجی ئێوە لە ژیان و زیندوو مانەوە و شەو و ڕۆژ کردنەوە چییە؟ پرسیار لە خۆتان بکەن. وتمان پرسیاری گەورە بەرهەمی باشی هەیە.

- باشە، ئێستا ئەسڵەن ئامانج چییە؟ ئێمە کتێبێک سەبارەت بە ئامانج قسە دەکەین، مەبەستمان چییە؟ ئامانجی من ئەوەیە کە بێمە پێشەوە، بچم بەرەو لای ڕاست، بچم بەرەو لای چەپ. کاتێک ئێمە باسی ئامانج دەکەین، مەبەستمان ئەمە نییە، مەبەستمان کارێک، شوێنێک، بابەتێک، جێگەیەکی دوورەدەستە، کە بۆ گەیشتن پێی، دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێکوپێک، کات دابنێیت، ڕاهێنان بکەیت، چەند کارێک ئەنجام بدەیت تا پێی بگەیت.

من ئەگەر میزەڵانێک هەڵبگرمەوە، لە ڕووی مێشکەوە ئامانجە، بەڵام ئەمە ئەو ئامانجە نییە کە ئەمڕۆ دەمەوێت قسەی لە بارەوە بکەم.

- ئامانج، واتە: "شوێنێک، جێگەیەک، بە ئەندازەی پێویست دوورەدەست، کە بۆ گەیشتن پێی، پێویستمان بە کارێکی ڕێکخراوە، پێویستیمان بەوەیە کە کارێکی بۆ بکەین، نەوەک



Scanned by CamScanner

دابنیشین بڵێین خۆی دێت، نا، من دەبێت ئەم کارە بکەم، مەبەستمان لە ئامانج ئەمەیە".

**ـ جۆرەکانی ئامانج:**

یەکەمین ئامانجێك مرۆڤ دەخاتە جووڵە، ئامانجە غەریزییەکانن.

ئامانجە غەریزییەکان وەك چی؟

ـ خەو، خواردن، سێکس، شەڕ کردن بۆ مانەوە، ئەمانە ئامانجی غەریزین. ئامانجی غەریزی واتە: هەر شتێك کە ئێمە بێ ویستی خۆمان ئەنجامی دەدەین.



Scanned by CamScanner

## جۆری دووەمی ئامانج

**ـ ئامانجە نائاگایانەکان**

واتە: هەر کارێك تۆ ئەنجامی بدەیت بەڵام ئاگاییت لەسەری نەبێت.

ـ بخوێنم تا ببم بە دکتۆر، بخوێنم تا ببم بە ئەندازیار، بخوێنم تا بگەم بە ئێرە، خۆیشت نازانی بۆچی. بەو مانایە نا کە خوێندن خراپ بێت، من خۆم کەسێکی خوێندەوارم، بەڵام ئەو کەسە چێژ لە خودی خوێندنەکە وەرناگرێت. لەوەی کە نمرەی سەد بهێنێت و دایك و باوکی خۆشحاڵ بن و فڵانە کەس ناخۆشحاڵ بێت، چێژ وەردەگرێت، ئەمە نائاگاییە. ئامانجی نایاگایانە ئەوەیە کە ئەوانی تر بۆ تۆی دادەنێن، نەوەك خۆت بۆ خۆت.

ئێستا گەنجەکانی ئێمە خەریکن پیاسە دەکەن و جگەرە و مادەی هۆشبەر دەکێشن، مەشروبات دەخۆنەوە، شێوازی جلوبەرگ دەگۆڕن، ئەمانە کێ بۆت دادەنێت؟ ئەوانی تر، بەڵام ئێمە پێمان وایە هەڵبژاردنی خۆمانە. شێوازی قسە کردن،



Scanned by CamScanner

سەروسیما، کردار، ڕەفتار، کەسانی سەرکەوتوو ئەو کەسانەن کە ئامانجە نائاگایانەکانیان ئامانجی باشن، واتە پێشەنگی باشیان هەیە.

ئێمە دەبێت فێر بین کە زیاتر لە ٨٠٪ی کات و وزە و چالاکیمان بۆ ئامانجە نائاگایانەکانمان خەرج دەبێت.

بۆ نموونە مۆبایل: ئەلوو، ئەلوو... کارێکی گرنگ نییە، بەڵام بووەتە بەشێك لە ژیانم. وەڵامی تەلەفۆن و مۆبایل مەدەرەوە، ئەسڵەن مۆبایل هەڵمەگرە، هیچ شتێك ڕوو نادات، بەڵام بەدەست خۆم نییە، پێیان وتووم وەڵام بدەرەوە، هەر کاتێك تەلەفۆنیان کرد هەڵیبگرە. جاری وا هەیە خەریکە خواردنەکە دەسووتێت، منداڵەکە خەریکە بەردەبێتەوە، کە تەلەفۆن جەرەس لێ دەدات، دەڵێ: جاری با وەڵامی تەلەفۆنەکە بدەمەوە، ئاوایان فێر کردووم. ئەمەیە ئامانجی نائاگایانە.

ئەگەر دەخوێنیت، ئەگەر پارە پەیدا دەکەیت، ئەگەر دەتەوێ خانو بکڕیت، هەر شتێك لە ژیانتدا هەوڵی بۆ دەدیت، هەر شتیك، پرسیار لە خۆت بکە: بۆچی؟ چونکە کات و وزە و تەمەن و فکرت، دەبات.

بۆ دەتەوێت ببی بە ئەندازیار؟ کاتێك وتت بۆچی؟ لە ئامانجی نائاگایانە دێیتە دەرەوە.

# ئامانجی دەستەی سێیەم

## ئامانجی ئاگایانە

مەبەستی ئێمە ئەمڕۆ سەبارەت، بە ئامانجی ئاگایانەیە. ئەو ئامانجانەی خۆمان هەڵمانبژاردوون، بۆ بەرژەوەندیی منن، بە کەڵکی من دێن، من ئەو کاتە کەسێکی باشتر و سەرکەوتوو تر دەبم. ئەم ئامانجەیە کە من و تۆ خۆشبەخت دەکات. بەسەرتان هاتووە؟ بۆ نموونە دەبیت بە دکتۆر، دەبیت بە ئەندازیار، خانوو دەکڕی، کتێبێك دەنووسی، دەبیتە خاوەن پیشەیەك، پاش چەند سەعات، یان چەند ڕۆژێك، بە خۆت دەڵێیت: باشە ئەم هەموو ڕاکردنە سوودی چی بوو؟! لە خۆتان ناپرسن؟ هەستەکەی ئەم هەموو زەحمەتت کێشاوە، بەڵام خۆشحاڵ نیت! لەبەر ئەوەیە خۆت دات نەناوە. بۆیە پێویستە منداڵەکانمان فێر بکەین ئامانجی ئاگایانە دابنێین، ئێمەیش یارمەتییان بدەین.

زۆر باشە، ئێوە ئاگایانە ئەم کتێبە دەخوێننەوە یان نائاگایانە؟ یان بە غەریزە؟



Scanned by CamScanner

هیوادارم من فریوم نەدابن، چونکە مرۆڤ زیاتر لە هەر بوونەوەرێکی تر خۆی فریو دەدات! بەوپەڕی داخەوە، ئەسڵەن لە بەیانییەوە تا ئێوارە خەریکین خۆمان فریوو دەدەین، خۆمان ئاراستە دەکەین و بەڵگە بۆ خۆمان دەهێنینەوە.

باشە، پرسیاری من لە ئێوە ئەوەیە: بۆچی دەبێت ئێمە ئامانجمان هەبێت؟ ڕەنگبێ بڵێین

- سەرگەردان نەبین
- هاوسەنگیمان هەبێت
- ژیانمان مانا پەیدا بکات
- ئارامیمان هەبێت
- عەشقمان هەبێت
- خۆشبەخت بین

هاوڕێیان، هەبوونی ئامانج هەڵبژاردن نییە، پێویستە ئامانجت هەبێت. مرۆڤ بەبێ ئامانج ناتوانێت بژی. بەدیهاتنی مرۆڤ ژیانی مرۆڤ، هەمووی لەسەر بنەمای کۆمەڵێ ئامانجە، کە یان ئاگادارین پێی، یان ئاگادار نین.

خۆش بە حاڵی ئەو کەسانەی کە ئاگاداری ئامانجەکانیانن. مێشکی مرۆڤ تایبەتمەندییەکی سەیری هەیە، مێشکی مرۆڤ وەکو پاسکیل وایە، بۆ ئەوەی ڕاوەستێ، دەبێت پاڵ بداتەوە، یان دەبێت بەڕێدا بڕوات، تا کاتێك بەڕێدا بڕوات، ناکەوێت، کەسێك لێی



Scanned by CamScanner

نەخورێت دەکەوێت. مێشکی ئێوەش وەك ئەو پاسکیلە وایە، یان دەبێت بە ڕێدا بڕوات، یان دەبێت پاڵ بداتەوە، یان دەبێت بکەوێت.

هیچ مرۆڤێك حەز ناکات بکەوێت، هەموو مرۆڤەکان حەز دەکەن ڕاوەستاو بن. ئەو ساتەیە دەست دەکات بە پاڵدانەوە، دایکم، باوکم، دەوڵەت، ژنەکەم، منداڵەکەم، خوا، ئێکس، وای، زێت. خەریکە پاڵ دەداتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێت، چونکە ئامانجی پێشتری نییە.

یان بۆ ئامانجەکانی خۆت ئیش دەکەیت، یان بۆ ئامانجی ئەوانی تر، هەڵبژاردنی سێیەممان نییە. بەرژەوەندیت لەوەدایە بۆ خۆت کار بکەیت، دنیاش ئەوەی دەوێت. دنیا کەسە ئامانجدارەکانی خۆشدەوێت، تۆ دەتەوێت ئیش بۆ کێ بکەیت؟

- دەیبینین، ساڵێکی تر دەیبینین کە چەندێك دەتانەوێت بۆ خۆتان ئیش بکەن!

من هیوادارم لە کۆتاییدا ئێوە ئەو کەسەی پێشووتر نەبن، کەسێك بن جددی، پێداگر، بەیانیان بە عەشق و هیواوە لە خەو هەستن و بزانن دەتانەوێ چی بکەن، سوود لە تایبەتمەندییەکانی ئامانجداربوون وەربگرن.

- زۆر باشە

ئێوە وێنای ئەوە بکەن لە ئۆقیانووسێکدا لەناو بەلەمێکدان،



Scanned by CamScanner

بیهێننە بەر چاوتان: زەریا تاریک، پڕ لە شەپۆل، بەلەمێك جووتێك سەوڵ، جوان بیهێننە بەرچاوتان سەوڵەکانتان بە دەستەوەیە، بەرەو کام لا سەوڵ لێ دەدەن؟

کەنار لە کوێیە؟ نادیارە، تاریکە، نازانی لای چەپە، لای ڕاستە، لە ڕۆژهەڵاتە، لە ڕۆژئاوایە، لە پێشە، لە دوایە.

بەرەو کام لا سەوڵ لێ دەدەیت؟ دەبێت وەڵامەکەی بدۆزیتەوە، ئەگینا دەمریت. لەوانەیە با بتبات بەرەو قووڵایی ئۆقیانووسەکە، لێرەدا چ شتێك یارمەتیت دەدات؟

ـ قیبلە نوما؟

بەڵام لەو تاریکییەدا لە هەموو شتێك گرنگتر و گەورە تر، فانۆسی دەریاییە، فانۆسێکی دەریایی ڕووناکییەك لە دوورەوە دەدات، ئێستا تۆ دەزانی دەبێت بەرەو کام لا بڕۆیت، بەرەو فانۆسی دەریایی.

ـ هەیە دەڵێ ئەگەر فانۆسی دەریایی نەبوو چی بکەم؟

ـ خوا ڕەحمت پێ بکات سەوڵ لێ بدە.

ئامانجی ئاگایانە، واتە فانۆسی دەریایی. هەر کەس ئامانجی هەبێت لە هەر ساتێکدا دەزانێ دەبێ ڕووەو کوێ سەوڵ لێ بدات، بەرەو کام لا مەلە بکات، چونکە ئامانجی هەیە.

بینیوتانە هەندێك بەدەست هەلومەرجەکانەوە دەناڵێنن، دەڵێن کاکە فلان کەس هاتووە، خانمی فیسار وای لێ هاتووە، باران



Scanned by CamScanner

دەبارێت، یان لافاو هەڵدەستێت، وڵاتی فڵان هاتووە، وڵاتی فیسار هاتووە، ئەمانە کەسانێکن کە فانۆسی دەریاییان نییە، هەر شەپۆلێك بێت، هەر بایەك بێت، دەبێت لەگەڵیدا بڕۆن.

بەڵام ئەو کەسانەی کە ئامانجدارن، بە وردی دەزانن بەرەو کام لا بڕۆن. هەمیشەیش کاریان ئاسان نییە، بەرەو ڕووی عەشقەکەیان دەڕۆن، بە ئاڕاستەیەك دەڕۆن کە لە قازانجیاندایە.

ئامانج واتە فانۆسی دەریایی. ئۆقیانوسی ژیان زۆر گەورەیە، هەندێ جاریش تاریك دەبێت، تەنیا کەسانی ئامانجدار بە سەلامەتی دەردەچن.

(گەرچی ڕێگایەکی پڕ ترس و بیمە تا گەیشتن بە یار، ڕۆیشتن ئاسانە گەر تۆ بەرەو مەنزڵ بڕۆیت).

ئەگەر بزانی یارت لەکوێیە، ئەگەر بزانی ماڵی یار لەکوێیە، هەموو کێشەکان چارەسەر دەبن، کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە نازانین ماڵی یار لە کوێیە. ئیتر ئەو یارە، دۆستە، سامانە، پارەیە، منداڵە، هاوسەرە، پیشەیە، پۆستە، هەر ناوێکت دەوێ لێی بنێ.

ئەو کەسانەی ئامانجدارن، ئەم تایبەتمەندییانە چاوەڕێیان دەکات.

یەکەم: سەلامەتترن، کەسانێکی دڵخۆشترن، تۆ وا بیر بکەرەوە من لەسەر سەکۆیەك دەتوانم بۆ ڕاست بڕۆم، بۆ چەپ بڕۆم، بەرەو پێشەوە بڕۆم، بگەڕێمەوە دواوە، بچم بۆ سەرەوە، بێمە خوارەوە،



Scanned by CamScanner

دەبێت کام ڕێگایە هەڵبژێرم؟

کام ڕێگایان ڕاسترە؟ ئامانجت چییە، ئامانج پێت دەڵێت کام ڕێگایە باشترە. ئەو کەسانەی ئامانجێکان هەیە، دڵەڕاوکێ لە ژیانیاندا نامێنێ. ئەم یان ئەو؟ یەکەسەر دەزانیت کامیان، چونکە ئێمە هەموومان مافی هەڵبژاردنمان هەیە، ئەمەیان بخۆم یان ئەو، دەی چیتە کامەیان باشە بۆت؟ دەتەوێت چی بکەیت؟ ئەگەر ئامانجت هەبێ، مافی هەڵبژاردنەکانت دیاریکراو دەبن. دەتەوێت بچیت بۆ باکوور، ئیتر ڕێگەی باشوور لە یاد بکە، دەتەوێت بچیت بۆ ڕۆژهەڵات، ئیتر ڕێگەی ڕۆژئاوا لە یاد بکە، یەکسەر کێشەکانت چارەسەر دەبن. ئەو کەسەی ئامانجی هەیە، دوودڵی لە بوون و لە ژیانیدا نامێنن، ژیانی ڕەوان دەبێت. زۆربەی ئەو نەخۆشییانەی تووشمان دەبن، بەهۆی دڵەڕاوکێکانەوەن.

**یەکەم:** کەسانی ئامانجدار کەمتر نەخۆش دەکەون.

**دوو:** خێرا دەجوولێن و خاو نین. کاتەکانیان بەفیڕۆ نادەن، بە کاتێکی کەمتر سەرکەوتنی زۆرتر بەدەست دەهێنن.

**سێیەم:** کەسانێکی گونجاوترن.

بۆ نموونە من دەمەوێت بە نێوان ئێوەدا بڕۆم و بچم بۆ ئەوبەر، چونکە ئامانجم ئەوێیە، ئەگەر یەکێك لە ئێوە بیەوێت زیاد لە ئەندازە کاتی من بگرێ، یان ڕێگەم لێ بگرێ، من شەڕی لەگەڵ دەکەم، یان هەوڵ دەدەم لەگەڵی ڕێك بکەوم و بڕۆم؟ بێگومان

هەوڵ دەدەم ڕێکبکەوم بڕۆم، کاتی شەڕکردنم نییە. مرۆڤ کاتێك تووشی هەندێك کێشە دەبێت، کە نەزانێت بۆ کوێ بڕوات. کاتێك دەزانی بۆ کوێ بڕۆیت، سازگار دەبیت. کەسانی ئامانجدار کەسانێکی سازگارتر و ئاسوودەترن، بە ئاسوودەیی مامەڵە دەکەن، دەڵێن کاکە ئەم ڕێگەیەم بە کرێ بدەرێ من ئەوەندە لە داهاتی خۆم دەدەم بە تۆ. ئێستا ئەو کەسەی بێ ئیشە، هەر لە خۆیەوە شەڕ دەکات، یان لە خۆیەوە هەڵدەچێت، نازانێت دەبێت چی بکات.

چوارەم: بەرگەگرتنی سەختییەکان بەلایەوە ئاسانتر دەبێت، چونکە ئامانجی هەیە، چونکە دەزانێت چی دەوێت. ئەو دایکەی منداڵی دەبێت، ئەو باوکەی دەبێتە خاوەنی منداڵ، کەسێك کە حەزی لە پیشەیەکە، کەسێك کە دەچێتە زانکۆ، کەسێك کە پارە پەیدا دەکات، کەسێك کە کاسبی دەکات، چونکە هۆکارەکەی دەزانێت، لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا دەگونجێت.

نیچە دەڵێت: "هەر کەسێك کە بۆچییەکانی ژیانی دۆزییەوە، لەگەڵ هەر بارودۆخێکدا خۆی دەگونجێنێت".

**ئەمە یەکێکە لەو ڕستانەی کە دەبێت لە یادتان بمێنێت:**

ئەگەر وەڵامی بۆچییەکان بزانیت، بۆچی دەبێت بەم ڕێگایەدا بڕۆم؟ بۆچی دەبێت بخوێنم؟ بۆچی دەبێت بخەوم؟ بۆچی دەبێت



Scanned by CamScanner

ڕابکەم؟ زۆرێك دەیانەوێت لاواز بن نابن، چونکە بۆچیيەکەی نازانن! یان بۆچیيەکەی زۆر بێهێزە. لەو لاوە جەستەی نایەوێ وزە بەکار بهێنێ، نایەوێت بجولێت و شتێك لە دەست بدات لەم لاشەوە دەتەوێت لاواز بیت! ئەگەر بۆچیيەکانت بەهێز بن هەموو ڕێگەکانت دەدۆزیتەوە.

بۆچیيەکانی پێغەمبەرێك چەندین هێندە گەورەترە لە بۆ چیيەکانی باوکێك کە تەنیا دەیەوێت خەرجی ژیانی پەیدا بکات. هەر لەبەر ئەمە ئارامگرتنی ئەو ملیۆنان جار زیاترە. بۆچیيەکانی ژیانت بدۆزەرەوە و تەنیا ئامانجیشە کە ئەمەت دەداتێ، ئەوسا لەگەڵ هەر بارودۆخێکدا هەڵدەکەیت و دەگونجێیت.

ڕستەیەکی تریش هەیە کە لە ژیانی مندا چارەنووس ساز بووە: این الاحیات عقیده والجیهاد، ئەمە وتەی ئیمام حسێنە.

من لە تازە لاویا باش فێری ئەمە بووم. جیهاد بە مانای شەڕ کردن نییە، بە مانای کوشتنی خەڵك نییە، جیهاد واتە جوهد کردن، تێکۆشان. ژیان واتە هەبوونی ئامانج و هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ئەو ساتەیە کە ژیان مانا پەیا دەکات و هەستەکەیت کەسیکی بەهادار تریت. ئەو ساتەیە کە سەختییەکان سەخت نابن بەلاتەوە. چونکە دەزانی چیت دەوێت.

دەمەوێت تکاتان لێ بکەم کە وا بزانن لە ناو سەیارەیەکی جوانا دانیشتوون لەسەر کورسی دواوە، هەمووتان دانیشن تکایە،



Scanned by CamScanner

ئەو سەیارەی پێتان خۆشە. سەیارەکە دەکەوێتە ئیش، زۆر باشە. سەیارەکە دەکەوێتە ئیش و دەستەکات بە ڕۆیشتن، خەریکی دەڕوی، بەرێ دەکەویت بە شەقامێکی زۆر جوان لەگەڵ ئازیزانتا، دەست دەخەیتە سەر سووکانەکە خەریکی شۆفێری دەکەیت. لە ناکاو دەبینی سووکانەکە هەروا بۆ خۆی دەسووڕێتەوە! لە دەستت دەردەچێت، توشی چ حاڵەتێك دەبیت؟ بیخەنە بەر چاوتان. ئەم سەیارەیە سەیارەی ژیانتە. کاتێك ئامانجت نییە کۆنترۆڵی ناکەیت هەر شتێك، بەردیك دەتوانێت لە شەقامەکە لات بات.پێچی جادە دیاری دەکات دەبێت بۆ کوێ بچیت، جۆری تایەی سەیارەکە، هەر هۆکاریك ڕۆڵی خۆی هەیە جگە لە خۆت، چونکە سووکانت بەدەستەوە نییە.

پێناسەیان کردووە خۆشبەختی واتە لە کۆنترۆڵدا بوون. ئێمە لە مەکتەبی کەماڵدا پێناسەیەکی جوانمان بۆ خۆشبەختی هەیە، خۆشبەختی واتە :

توانای پەسەند کردنی خود و خۆشویستی خود و ڕێزگرتن لە خوود.

ئەو کەسەی سواری سەیارەیەکە و سووکانەکەی بەدەست کەسێکی ترەوەیە چۆن دەتوانێت ڕێز لە خۆی بگرێت، چۆن دەتوانێت هەست بکات کەسێکی بەها دارە؟

بینیوتانە لە جەنگ و کێشەکانی ژیاندا هەندێ کەس دەڵێن

خوایە بمان کوژە و لە شەڕی ئەم ژیانە ڕزگارمان بکە، خوایە مەرگم بەرێ. بۆچی؟ هیچ دەسەڵاتێکی نییە لە ژیانیا.

لە سەیارەکەتان وەرنە دەرەوە، ئێستا سەیارەکەتان سووکانی هەیە، بەدەستی خۆتانەوەیە هەموو شتێکی، سوکانی، بەنزینی، ئیستۆپی، چونکە ئامانجتان هەیە.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا ئێوە شێوازە زانستی و گاریگەر و سازێنەرەکانی ئامانج دانان بە جوانی فێر دەبن. هەروەها گۆڕانکاری دەکەیت لە ژیانی خۆتا، لە ژیانی خێزانەکەتا، سالێکی تر شارەکەت شارێکی باشتر دەبێت، وڵاتەکەت وڵاتێکی باشتر دەبێت، ئەو دنیایەی تیایدا دەژیت دنیایەکی باشتر دەبێت، چونکە چەندین مرۆڤی ئامانجدار و ڕاهێنراو پەروەردە دەبن. مرۆڤی لەو شێوەیە پێدەگەن. ئەمەش ئەو شتەیە من بەرنامەم بۆ داناوە.

ئێمە جیاوازی بەدی دەهێنین، ئێمە ڕێزی خۆمان نازانین، چونکە لە سەیارەیەکدا دانیشتووی سووکانەکەی بەدەست خۆمانەوە نییە. سووکانی سەیارەکەت با بەدەستی خۆتەوە بێت، با ڕۆڵی ژیانت بەدەست خۆتەوە بێت. ئەوسا دەبینیت کە تۆ پاشای جیهانیت.

پێشتر تۆ لە زیندانێکدا دەژیایت کە خۆت بۆ خۆت



Scanned by CamScanner

دروستکردبوو.

بەیادی بێنەرەوە کە ئەمڕۆ ئایندەی دوێنێ بوو، ئەمڕۆ لە جێگەیەکدایت کە سووکانت پێ نەبوو، دەڵێیت سووکانم نەدا بە کەس بە خۆم بوو، بەڵام ڕێگەتدا ئەوانیتر سووکانەکە بە دەستەوە بگرن. بڕیار بدە سبەیبێ لە کوێ بیت لەوێ دەبیت، هەروەکوو چۆن ئێوە بڕیارتان داوە ئەم کتێبە بخووێننەوە، هەر شتێك ڕاهێنانی زیاتری لەسەر بکەیت پەی بە خاڵێکی زۆر سەیر دەبەیت، ئەویش ئەوەیە کە چەند سەیرە هەرچیم دەوێت دەبێت!

من کتێبێکم هەیە بە ناوی رازی فانۆسی جادویی. لەوێدا دەبین کە ئێوە چەنێك تواناتان هەیە زیاتر لەوەی کە وێنای دەکەن. بە ڕاستی فانۆسی جادویی بوونی هەیە، بە ڕاستی دێوەکەی عەلی بابا هەیە کە دەڵێ فەرمان بکە گەورەم سێ ئارەزوو بکە تا جێبەجێیان بکەم! دەسپێکەکەشی ئامانجە. کاتێ لێی پرسیت چ ئارەزوویەکت هەیە دەبێت بزانیت و خێرا پێی بڵێیت.

من سواری تەکسی دەبم چونکە لە ئێران سەیارەم پێ نییە، حەزم لە یارییە، بە شۆفیرەکان دەڵێم وابزانە من دێوەکەی عەلی بابام

هەموو جۆرە توانا و دەسەڵاتێکم هەیە، دەکرێ تکات لێ بکەم



Scanned by CamScanner

سێ ئارەزووی خۆتم پێ بڵێیت من بۆت بهێنمە دی؟ بیر لەوە مەکەرەوە دەکرێت یان نا کرێت. هیچ سنووردارییەکت نییە بیڵێ.

دەڵێن ئێێێی کاکە، چیمان دەوێت دیارە ئیتر ژیانێکی خۆشمان هەبیت و... دەڵێم نا بە دیاریکراویی بڵێ چییت دەوێت؟

ئێوە چیتان دەوێت؟ سیان لە ئارەزووەکانت هەر ئێستا لەسەر کاغەز بنووسە. ئێستا ئەم سێ ئامانجەتان هەڵبگرن بزان لە کۆتایی ئەم کتێبەبەدا پێی دەگەن یان پێی ناگەن. دواتر بۆتان ڕوون دەبیتەوە کە پێی دەگەن یان نا و بۆچی.

زۆربەی ئەو شۆفێرانا نەیاندەزانی چییان دەوێت، زۆربەی خەڵکی نازانن چییان دەوێت. هەر ئێستا کامێرایەك و مایکرۆفۆنیك بەدەستەوە بگرە و بە خەڵکی بڵێ کاکە سڵاو، خانم سڵاو، کورم سڵاو، کچم سڵاو، دەتەوێت سەرکەوتوو بیت؟

- بەڵێ

ساڵی داهاتوو لێی دەپرسی سەرکەوتوو بوویت؟

- نا

- مەگەر ساڵی پار نەتەویست؟

- ئێستاش دەمەوێت

سەلامەتی، لەشساغی، دەخوێنیت، ئیش دەکەیت، ئەی بۆچی



Scanned by CamScanner

سەرکەوتوو نیت؟

هەر کاتێك لێیان بپرسیت هەر ئەمە دەڵێن. هەر کاتێك لێیان بپرسی هەمووان دەیانەوێت بەختەوەر بن، هەمووان دەیانەوێت ساماندار بن، هەمووان دەیانەوێت سەرکەوتوو بن، بەڵام سالێکی تریش ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت هەر ئەمەیان دەوێت.

بۆچی بە دەستی ناهێنن؟ وەڵامەکەی لەم کتێبەدا دەبیننەوە. ئێوە بەرهەمی بیروباوەڕ و ڕەفتارەکانتانن، ئامانجیش ئاراستەیان پێ دەبەخشێت. دەبێت بڕیار بدەین سوکانی ژیانمان لە دەستی خۆماندا بێت و توند بیگرین و لە دەستی نەدەین.

**من بەم شێوەیە جۆرەکانی ئامانج دابەش دەکەم:**

**- یەکەم: بە ڕای من مرۆڤ دەبێت سەرەتا ئامانجی مەعنەویی هەبێت.**

**- دووەم: ئامانجی تاکەکەسی (شەخسی)**

**- سێیەم: ئامانجی خێزانی**

**- چوارەم: ئامانجی ئابووری**

**- پێنجەم: ئامانجی کۆمەڵایەتی**

**- شەشەم: ئامانجی ژینگەیی**



Scanned by CamScanner

هاوڕێیانی ئازیز، مەحاڵە تۆ دەوڵەمەند بیت و بۆچییەکت بۆ نەدۆزیبێتەوە. ناتوانی لە ژیانتدا کەسێکی بەختەوەر بیت، مەگەر بەرنامەی بۆ دابنێیت. بە چاو و برۆ نییە، بۆچی لەگەڵ ئەم پیاوە زەواج بکەم؟ بۆچی لەگەڵ ئەم ژنە زەواج بکەم؟ بۆچی دەبێت منداڵم هەبێت؟ مەعنەویەت بەڵگەت بۆ دەهێنێتەوە.

ئەمانە کاروباری زۆر تایبەتی مرۆڤەکانن، دەبێت ئیشیان لەسەر بکەیت. بۆ نموونە من لێرەدا ڕاوەستاوم، ئێرە سەکۆیەکە، مەعنەوییەت سەکۆی مرۆڤە.

ئێمە دەڵێین یابانییەکان وا دەکەن و وا دەڕۆن و ئێمەش دەمانەوێت وا بکەین و خزمەتی وڵاتەکەمان بکەین. ناتوانیت هاوڕێ گیان. لە وڵاتی یابان و لە شاری کوبێ، لە دوای زەمینلەرزەیەك مانگێك تێپەڕی و سەرۆك شارەوانیی شارەکە نەیتوانی بۆریی ئاوی ماڵەکان چاك بکاتەوە، بۆیە خۆی کوشت و یاداشتێکی نووسی کە تێیدا هاتبوو: "شەرمەزارییە بۆ من یەك مانگ تێپەڕیوە و نەمتوانیوە ئاو بە هاوڵاتییەکانم بگەیەنم، من شایەنی ژیان نیم"!! کەچی ئێمەیش ملیۆنێك کەس دەکوژین بۆ ئەوەی لە پۆستەکەی خۆماندا بمێنینەوە!! دەتەوێ ببی بە یابانی؟ مەعنەوییەتی دەوێت، واتە دەبێت ئەو مەعنەوییەتە لە منداڵەکانمامندا. بچێنین

خوشکان، برایان، من پیاوێکی ئایینی و سیاسی نیم، چونکە



Scanned by CamScanner

تایبەتمەندیم لەو بوارانەدا نییە، بەڵام با پێتان بڵێم: هەندی کەس چاوەڕێیە ئەمریکا ئێرە بۆمبباران بکات، کاکە ئێرە وڵاتی منە، وڵاتی ئێوەیە، شاری ئێوەیە، کێشەکانمان دەبێت خۆمان چارەسەریان بکەین. دوو برا گۆشتی یەک دەخۆن، بەڵام ئێسکی یەک ناشکێنن. من لە کەنەدا دەژیم، من منەتی کەس هەڵناگرم، ئەسڵەن من ئەخلاقم وا نییە، بەڵام چۆن دەبێت ڕێگە بدەم وڵاتێك بێت وڵاتەکەم بۆمبباران بکات تا من ئازاد ببم؟! ئەو ئازادییە ئەوانیتر پێت بدەن، هەر ئەوانیش دەتوانن لێت بسەننەوە!

ئامانج دابنێ لە ژیانتدا، ئامانجت ئەوە بێت شار و نیشتمانەکەت ئاوەدان بکەیتەوە.

دەڕۆی بۆ سەفارەتخانە و لەپێناو فیزایەکدا جنێو بە وڵاتەکەت دەدەیت؟ مەحاڵە فیزات پێ بدەن! لاسایی بێگانەکان دەکەیتەوە؟

ئێمە هەندێك جار گاڵتە بە هەندێ گەل و نەتەوە دەکەین، بەڵام هەر ئەو نەتەوە بە جلوبەرگی ناوچەیی خۆیەوە دەچێتە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ تەواوی مەراسیمەکان بە جلوبەرگی ناوچەییەوە دەڕوات، لەبەرئەوەی ڕێز لە خۆی دەگرێت.

دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خۆمان، ئامانج دابنێین. مەبەستی ئێمە لە ژیان چییە؟ ئەوە نییە کە تەنیا من سەرکەوتوو بم، ئەسڵەن مەحاڵە، من کاتێك سەرکەوتووم کە تۆ سەرکەوتوو بیت، من ئەو کاتە ساماندار دەبم کە ئێوە ساماندار بن.



Scanned by CamScanner

پێویستە فێر ببین جۆرێکی ئامانج مەعنەوییە، جۆرێکی دیکەی خێزانییە، من دەبێت خێزانەکەم بەختەوەر بن تا بتوانم بە سەلامەتی قسە بۆ ئێوە بکەم، جۆرێکی دیکەی ئابوورییە، پێویستە پارەت هەبێ، جۆرێکی دیکەی کۆمەڵایەتییە، پێویستە یارمەتیی کۆمەڵگە بدەیت، جۆرێکی دیکەی ژینگەییە، پێویستە ژینگەیەکی تەندروست بۆ نەوەی ئایندەیە بخولقێنین، منداڵەکەت دەیەوێت سبەینێ بژی، نابێ ئاوی جۆگەکان پیس بکەیت، نابێت درەختەکان بشکێنیتەوە، نابێت باڵندەکان بکوژیت.

ڕیکلامێك هەیە سەبارەت بە گلۆباڵ ۆرمین global warming گەرمبوونی گۆی زەوی، پیاوێك لەم ڕیکلامەدا ڕاوەستاوە قسە دەکات و دەڵێت: گەرمبوونی هەوا تا کاریگەرییەکانی دەربکەوێت سی ساڵی پێ دەچێت، ئەو پیاوە لەسەر سکەیەکی شەمەندەفەر ڕاوەستاوە، پاشان شەمەندەفەرێك لە پشتەوە دێت و ئەم لەسەر سکەکە لادەچێت، لە پشتیەوە منداڵەکەی ڕاوەستاوە. یانی چی؟ پەیوەندی بە منەوە نییە؟ ئەگەر کەسانی پێش ئیمە ئاوا بیریان بکردایەتەوە، ئێستا ئێمە نەبووین. ئەوەی کە لە ئایندەدا چی ڕوو دەدات، پەیوەندیی زۆری بە ئێمەوە هەیە، وڵاتەکەمان چی لێ دێت؟! ئەم کورتبینییە بەدبەخت و بێچارەمان دەکات.

پێویستە لە هەموو بوارەکاندا ئامانج دیاری بکەین. ئەو



Scanned by CamScanner

کەسانەی تەنیا لە بیری خۆیاندان، خۆیان دەخەنە چاڵەوە. کەسی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە تەواوی ئامانج و بەهاکان لەبەرچاو دەگرێت، یەکێکیان ئابوورییە و یەکێکیشیان کەسییە، هەمووشیان ئەرزشیان هەیە و بۆ هەمووشیان دەبێت کات دیاری بکەین.

بۆچی ئامانج دیاری ناکەین؟ ئامانج کە ئەوەندە باشە، من خۆشبەخت دەکات، خۆشگوزەرانی و خێراییم دەداتێ، بۆچی ئامانج دیاری ناکەین؟ هاوڕێیان گەورەترین هۆکاری دیاری نەکردنی ئامانج، سەرەتا نەبوونی فێرکردنە، چونکە گرنگییەکەی نازانی. ئێستا کە دەیزانی، ئەم کارە دەکەیت، منداڵەکانت فێر دەکەیت، خوشك و براکانت فێر دەکەیت، کەواتە سەرەتا دەبێت بزانیت ئامانج دیاری کردن چییە.

من هیوادارم ڕۆژێك بێت لە قوتابخانەکاندا وانەیەکی سەرەکی لە سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی یان زانکۆکان بخوێنرێت، ئەویش وانەی ئامانج دیاریکردن بێت.

لە زانکۆی هارڤارد، پێم وابێت ساڵی ١٩٢٥ە، دەستەیەك خوێندکاریان هەڵبژارد و پرسیاریان لێ کردن: کاتێ خوێندنت تەواو کرد دەتەوێت چی بکەیت؟ تەنیا لە سەدا بیست دەیانزانی دەبیت چی بکەن، ئەوانی تر وتیان نازانین، با بزانین دوایی چی دەبێت، جارێ با بزانین کە تەواوی دەکەین کارمان دەستدەکەویت؟



Scanned by CamScanner

لەو لە سەدا بیستەیش لە سەدا چواریان ئامانجەکانی خۆیان نووسیبوو، نەوەد و شەشەکەی تر نەیان نووسیبوو. بیست و پێنج ساڵ دواتر چوون سەیریان کرد ئەو لە سەدا چوارە، لە ساماندارترین و بەناوبانگترین و دیارترین کەسایەتییەکانی ئەمریکا بوون! ئەو لە سەدا چوارەی نووسیبوویان، دەیانزانی چییان دەوێت. ئەو لە سەدا بیستەشی کە نەیانووسیبوو، کەسانێکی سەرکەتوو بوون، نەیان نووسیبوو، بەڵام دەیانزانی کە چییان دەوێت، لە سەدا هەشتاکەیش ئیشیان بۆ ئەوانیتر و لەسەدا بیستەکە دەکرد.

یان ئامانج بۆ خۆت دیاری دەکەیت و کار بۆ ئامانجی خۆت دەکەیت، یان ناچاری بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئەوانی تر کار بکەیت.

هەمان ئەزموونیان لە زانکۆیەکی دیکە تاقی کردەوە، دیسان دوای بیست و پێنج ساڵ هەمان ئەنجامی هەبوو.

ئەو کەسەی بزانێت دەیدۆزێتەوە، ئەو کەسەی نەزانێت چیی دەوێت، خوا ڕەحمی پێ بکات!

یەکێکی تر لە هۆکارەکان ترسە.ئێمە لە پەروەردەی ترسا گەورە دەبین، دایك و باوك کاتێ منداڵەکەیان دەیەوێت بچێ بۆ قوتابخانە، پێی دەڵێن: ئاگات لە خۆت بێت، سەیارە لێت نەدات، کڵاو بکەرە سەرت، خواردنەکەت نەخۆن ها، لە ڕێگادا نەکەوی،



Scanned by CamScanner

شەڕ نەکەی، کتێبەکانت نەدزن، بەردەوام ترس، بەردەوام ترس!

دەتەوێت بچیت بۆ سەفەر، پێت دەڵێن "سەفەر سەلامەت"، نێ بڵێ "سەفەرێکی خۆش". ئێستا دێینە سەر ئەوەی کە بۆچی ئەمانە ڕێك هەڵماندەنێن بۆ شکست، بۆ نموونە ترس لە شکست، دەترسی شکست بخۆیت، سەیرە پێتان بڵێم ئەسڵەن شتێك بە ناوی ترس بوونی نییە!

تۆماس ئەدیسۆن بۆ ئەوەی گڵۆپ دروست بکات، هەر ئەو گڵۆپەی کە من و تۆ بەکاری دەهێنین، زیاتر لە شەش هەزار مادەی تاقی کردەوە، چونکە گەورەیی کارەکەی خۆی دەزانی. وای دابنێین بۆ هەر مادەیەك یەك ڕۆژی تەرخان کردبێت، چەند ڕۆژ دەکات؟ شەش هەزار ڕۆژ، دەکاتە چەند ساڵ؟ نزیکەی بیست ساڵ. ڕۆژێك ڕۆژنامەنووسێك لێی پرسی: بەڕێز ئەدیسۆن تۆ ئێستا زیاتر لە سێ هەزار مادەت تاقیکردووەتەوە و شکستت خواردووە، هێشتا دەتەوێت درێژە بەم کارە بێهودەیەت بدەیت؟ تۆماس ئەدیسۆن پێی وت: تۆ ئاگات لە سادەترین ڕێسای دنیا نییە، من سێ هەزار جار شکستم نەخواردووە، سێ هەزار ڕێگەی دروستنەکردنی گڵۆپ فێر بووم.

ئێمە خەریکین لە ئیرادە و هێزی بیرکردنەوەی ئەم پیاوە بەهرە وەردەگرین، لەژێر ڕۆشناییدا دەژین، چونکە ئەم پیاوە کۆڵی نەدا، بۆیە مەترسن لەوەی کە شکست بخۆن.



Scanned by CamScanner

لەناو ئێمەی ڕۆژهەڵاتیدا ترسێکی دیکە هەیە، ئەویش ترس لە ڕەتکرانەوەیە، ڕەتکرانەوە، یان قسەی خەڵك. خەڵکی چی دەڵێن؟ دەی هەرچی دەڵێن بابیڵێن، تۆ چی دەڵێیت؟ ڕەزامەندیی هەموان گرنگە جگە لە ڕەزامەندی خۆت؟! تۆ کێیت؟ تۆ چیت دەوێت؟

لەم جیهانە گەورەیەدا تەنیا پێویستە خۆت، خۆت پەسەند بکەیت، پاشان خودا پەسەندت بکات، بۆچی یەکەم خۆت و دووەم خودا؟ چونکە تاکو خۆت، خۆت قبووڵ نەکەیت، ناتوانیت لەوە تێبگەیت کە خودا پەسەندی کردووبێت. ئایەتێکی قورئانی پیرۆز هەیە دەفەرموێت "خوای گەورە ستەم لە کەس ناکات، مرۆڤەکان خۆیان ستەم لە یەکدی دەکەن". ئێمە خۆمان ستەم لە خۆمان دەکەین، کەچی دەڵێین ویستی خودا بوو! کەی ویستی خودا وایە؟ هەر بارانە لێرە دەبارێت و لافاو هەڵدەستێت، لە بەنگلادیش نەخۆشی وماڵوێرانی دەهێنێت، لە ڤانکۆڤەر دەبارێت دەشت و دەر سەوزەکاتەوە، لە چیاکان دارستان بەرهەم دەهێنێت، درەختەکانی دەکەن بە کاغەز و پارەی پێ پەیدا دەکەن. با بەرپرسیارێتی قبووڵ بکەین، بۆچی دەیخەینە ملی ئەم و ئەو؟!

کەسی وا هەیە دەڵێت "کاکە گیان وڵاتەکەم بیابانە"، کاکە گیان لە وڵاتێك کە ئێستا ناتوانم ناوی بهێنم، لە بیاباندا ماسی پەروەردە دەکەن! ئێمە چی دەڵێین؟ دەبێت بەرپرسیارێتی قبووڵ بکەین و نەشترسین.



Scanned by CamScanner

هەر ئێستا تۆ وەرە بیرۆکەیەکی تازە بهێنە، یەکسەر ڕەفزی دەکەن من بەر لە شۆڕشی ئێران دەزگایەکم بۆ ناو ئۆتۆمبێل هێنابوو، لەبەر ئەوەی نەیانتوانی هیچ ڕەخنەیەکی لێ بگرن، وتیان ئەگەر ئەمە شتێکی باش بوایە بیانییەکان لە سەیارەکانیاندا بەکاریان دەهێنا! یەکێك لە هاوڕێکانم هەمیشە دەیگوت "میلەتی ئێمە کێشەیەکی گەورەی هەیە، وا دەزانێت هەموو شتێك بیانییەکەی باشە، تەنانەت هەواڵێیش!". هەمووشتێکی بیانی دەوێت، چونکە باوەڕی بە خۆی نییە. من ئەگەر چاوم شین بووایە و قژم زەرد بووایە و لە زمانی فارسییش تێنەگەشتمایە، ملیۆنان دۆلاریان بەم ئەزموونەم دەدا کە وەك ڕاوێژکارێك کاریان لەگەڵ بکەم. بۆچی بیرکردنەوەیەکی تازە لە منەوە سەر هەڵنەدات؟ یان لە تۆوە؟ پێویستە باوەڕبەخۆبوون لە خۆماندا بچێنین، ڕێز لە خۆمان بگرین و خۆمانمان خۆشبووێت.

دەست بە هەر کارێك دەکەن، تەنیا یەك هۆکار لەبەرچاو بگرن (لە هەر ساتێکدا بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەن)، هەر ئەوەندە بەسە، مەترسە لەوەی کە کامڵ نەبیت، مەترسە لەوەی کە کارەکان دەبێت خۆت ئەنجامیان بدەیت. لەو ساتەدا کە ئێوەی تێدان، بزانن باشترین کارتان چییە، دەکرێت لە یەك ساتدا تۆ بتوانی پێنج پاکەت شت هەڵبگریت و بیگوازیتەوە، هەندێك جار باودۆخت باشترە دەتوانی دە دانە هەڵبگریت، هەندێك جار

بارودۆخت باش نییە تەنیا یەك پاکەتت بۆ هەڵدەگرێت. ئێمە تواناکانمان هەمیشە لە گۆڕاندان، بەرز و نزم دەکەن، ئەگەر بتەوێت بێ کەم و کورتی بیت ئینجا کار بکەیت، ئەوا هەرگیز کار ناکەیت. زۆر کەس لەوە دەترسن ئەگەر هەندێك کار بکەن خەڵك گاڵتەیان پێ دەکات، من لە کۆتایدا کۆبەندییەکتان پێ دەڵێم دەبینن کە ئەسڵەن ئەوانەی لە گاڵتە پێ کردن و لە شکست دەترسن، ئەوانە ئامانجیان نییە، کەسێك ئامانجی هەبێ، گوێ بەو شتانە نادات.

یەکێك لەو شتانەی دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکەوتوو نەبین، باوەڕە هەڵەکانە. (پێت بەقەد بەڕەی خۆت ڕابکێشە.) دەکرێت پێم بڵێن ئەم بەڕە لە کوێیە؟ ئەندازەکەی چەنێیە؟ بۆچی دەبێت بەڕەی من ئەوەندە بێت؟ پێت بەقەدەر بەڕەی خۆت ڕابکێشە قسەیەکی هەڵەیە.

ئێمە هەر یەکەمان خۆمانمان لە ناوچەیەکدا زیندانی کردووە کە پێمان وایە ئەم شوێنە ناوچەی ئێمەیە، نا، هەمیشە دەتوانین سنوورەکان تێکبشکێنین و بەرەو پێش بڕۆین، هەر ئەمەش ڕاستە.

یەکێك لەو شوێنانەی هەموان گیریان تێیدا خواردووە، قۆناغی منداڵییە. وا دەزانن هێشتا منداڵن و دایك و باوکیان گەورەن، چونکە خۆیان بە بچووك دەزانن، چاوەڕێن یەکێکی تر بڕیاریان بۆ بدات، چاوەڕێن یەکێکی تر ئامانجیان بۆ دیاری بکات. ئەمەش



Scanned by CamScanner

وەك بەرەکە وایە، هەرچەندە حەزت لێیە قاچت درێژ بکە، دنیا دنیای فراوانییە. لە کتێبی (شادوومان و ساماندارِبن)دا، بە تەواوی ئاشنا دەبن لەگەڵ ئەو سنوورانەی کە دەبنە هۆی گەشەنەکردنتان. لەکتێبی سەرکەوتن، بۆتان باس دەکەم ئەوە سەرکەوتن نییە کە کاتی دەوێت، ئاخر چونکە دەڵێن هەموو شتێك دەبێت هێواش هێواش، قۆناغ بە قۆناغ بچێتە پێشەوە، سەرکەوتن پێویستی بەم قۆناغانە نییە ببیڕیت و بچیتە پێشەوە. سەرکەوتن پێویستی بە خۆئامادەکردن هەیە، مرۆڤ کاتی دەوێت تا خۆی ئامادە دەکات بۆ سەرکەوتن، کاتێك ئامادەبوو، سەرکەوتن هەیە!

سەرکەوتن، تەندروستی، خۆشی و سامان، هەمیشە هەن، ئەوە ئێمەین ئامادە نیین. ئامانج ناچارمان دەکات بیر بکەینەوە. ئامانج واتە شتێکی دوورەدەست، کاتێك من لێرە ڕاوەستاوم، ئەو لەویایە، کە بینیم، بەرەو ڕووی دەچم، کە بەرەو ڕووی چووم، ئامادە و ئامادەتر دەبم. هەمیشە ئامانج هەیە، ئەوە من ئامادە نەبووم.

پێویستە لە کۆت و بەندی ترسەکان خۆمان ڕزگار بکەین، ئەوەندە ئەسیری ترس نەبین. دواتر دەچینە سەر ئەوەیش ترسەکان پووچ و بەتاڵن.

ڕەنگە یەکێك بڵێت ڕەگەز و جینات کاریگەریی هەیە، بۆ



Scanned by CamScanner

نموونه پێشتر لەو باوەڕەدا بوون کە ڕەشپێستەکان توانایان نییە، بەڵام دواتر دەرکەوت فێریان ناکەن، ئەگەر فێریان بکەن دەبینن ئەوانیش بەتوانان.

لە بیرمان بێت تەنیا شتێک کە سنووردارمان دەکات یەك شتە، ئەویش باوەڕمانە سەبارەت بە خۆمان. تۆ کێیت؟ چیت؟ هیچ سنووردارییە لە ئارادا نییە. جارێك خانمێك هات بۆ لام پێی وتم بە کچەکەم بڵێ کە دەتوانێ هەموو کارێك بکات. من دەمەوێت بڵێم: هەمووتان دەتوانن هەموو کارێك بکەن.

لێرەدا چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە: منداڵێکی کوڕ لەسەر شەقامی کرمان گەنمە شامی دەفرۆشت، دوور لە چاوی دایك و باوکی، چونکە باوکی سەرۆکی بانك بوو، حەزی نەدەکرد منداڵەکەی کار بکات، بەڵام ئەم منداڵە ئارەزووی گەورە گەورەی هەبوو. دوای ئەوەی دیبلۆمی وەرگرت، چوو بۆ زانکۆ، دەستی کرد بە مەلەوانی و بوو بە پاڵەوانی مەلەوانی، پاشان ڕۆیشتەوە بۆ زانکۆ لە دەرەوەی وڵات، دواتریش لە ئێران و دەرەوەی ئێرانیش کۆمپانیای دانا، بووە جێگەی ڕێزی زۆر کەس. ئەو منداڵە کاتێك سەیری ڕابردووی خۆی دەکات، دەبینێ جیاوازی زۆرە. ڕۆژێکیان پێی وتم: "کاتێك بیر لە ڕابردووم دەکەمەوە، تاسەی ئایندە ئارامم لێ هەڵدەگرێت. ڕۆژێك بە منی وت هۆکاری ئەو گەشەکردنەم تەنیا ئەوە بووە کە ویستوومە". ئەو ئێستاش لە ژیاندایە.

حەتمەت دەپرسن ئەو کەسە کێیە؟ ئەو کەسە (مەحموودی موعەزەمی)یییە.

باوەڕتان بە خۆتان هەبێت، خوای گەورە ئێوەی بۆ سەرکەوتن بەدی هێناوە. تەواوی میکانزمەکانی سەرکەوتن لە ئێوەدا هەیە، تەنیا ڕێگەی گەشەکردنی پێ بدەن. لە سندووقی خۆبەکەمزانی وەرنە دەرەوە، هیچ سنووردارییەك لە ئارادا نییە.

ئەگەر یەکێك چاوی شین بێت بەڵگەی ئەوە نییە لە تۆ زیاتر دەزانێت، هەرچۆن بەڵگەش نییە لەسەر ئەوەی کە تۆ لەو زیاتر دەزانیت. هەموومان مرۆڤین، دەتوانین پێکەوە قسە بکەین و لە یەك تێبگەین و لەم باوەڕە هەڵانە بێینە دەرەوە.

ئێمە ئامێری سەلمێنەری باوەڕەکانمانین. ئێمەی مرۆڤ، من و تۆ، ئامێرێکین باوەڕ بە هەر شتێك بکەین دەیسەلمێنین. بڵێی بەختەوەرم، ئەوە دەسەلمێنی، بڵێی بەختەوەر نیم، هەر دەیسەلمێنی، بڵێی بێچارەم ئەوە دەسەلمێنی، بڵێی مەزلومم ئەوە دەسەلمێنی. باوەڕ بە هەر چییەك بکەی، تەواوی میکانزمی جەستەت دەکەوێتە کار تا ئەو شتە بسەلمێنی!

کەواتە باوەڕ بە شتێ بکە کە لە بەرژەوەندیتە، سەرکەوتن، شادومانی، سامان، تەندروستی، ئارامی، ڕەهایی، خۆشبەختی. چ باوەڕێکت سەبارەت بە خۆت هەبێ، شەو و ڕۆژ خەریکی سەلماندی ئەو باوەڕەیت، بەڵام پێویستیشە نیشانەی پرسیار لەسەر



Scanned by CamScanner

باوەڕەکانت دابنێیت، هەمیشە لە خۆت بپرسە بۆچی ئەم باوەڕەم هەیە؟

لە بیرتان بێت شادومانی و سەرکەوتن وەکو هەست کردن بە بچووکی و هەست کردن بە بێتوانایی فێری دەبیت. هیچ منداڵێك بە هەست کردن بە بچووکی، گەورە نابێت، ئێمە ئەمانەی تێدا دەچێنین، ئێمە فێری دەکەین: "ئەوەندە بێ چاوڕوو مەبە، قسەی زیادە مەکە، کێ پێی وتی قسە بکەیت؟"، بۆیە هەمیشە بە منداڵی دەمێنێتەوە و دەبێت بەڕێوەی ببەیت، بۆیە کاتێك گەورە دەبێت دەبێت بە کۆتی دەستت.

یارمەتیی کەسانی تر بدە لەگەڵتدا گەشە بکەن و فێر بن. دەبێت یەکێك لە ئامانجەکانمان ئەمە بێت (هەر کەس لەگەڵمدایە دەبێت گەشە بکات). هەرکەس یارمەتیی ئەوانیتر بدات گەشە بکەن، خۆی سەرکەوتوو دەبێت.

ئێستا ئەگەر بە ١٠٠٠ کەس بڵێیت: من حەز دەکەم هەمووتان سەرکەوتوو بن.

تۆ یەکجار دەیڵێیت، ١٠٠٠ جار پێیات دەڵێنەوە. کاتێك حەز بکەیت یارمەتیی ئەوانی تر بدەیت، هەرچەند ژمارەیان زیاتر بێت، زیاتر گرنگیدان و خۆشەویستیت پێ دەگات. پێویستە خۆت لە تەسکبینی ڕزگار بکەیت و ئیرەیی منداڵانە واز لێ بهێنیت، ئەو ئامانجانەی بۆ خۆتی دادەنێیت، با ئامانجی بەهێز بن و خێری



Scanned by CamScanner

زۆر کەسی تێدا بێت، ئەوسا دەبینیت کە ملیۆنان کەس یارمەتیت دەدەن بەو مەرجەی ئامانجت ئەمە بێت.

تایبەتمەندییەکانی ئامانجی باش

## یەکەم: ئەرێنی بێت

خوایە نەخۆش نەکەوم، خوایە هەژار نەکەوم، خوایە مەلێ ئەمەم بەسەر نەیەت و ئەوەم بەسەر نەیەت، مێشکی من و تۆ نائاگایانە لە نەرێنی تێناگات، نەرێنی دەگۆڕێت بۆ ئەرێنی، کاتێك دەڵێیت "خوایە نەخۆش نەکەوم"، نائاگایت، چونکە تێناگات، نەرێنی دەکات بە ئەرێنی و دەڵێت خوایە نەخۆش کەوم، نەخۆش دەکەویت! مەلێ خوایە نەخۆش نەکەوم، گریمان بەم ئامانجەت گەیشتی، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەوەی نەخۆش ناکەوێت کەسێکی تەندروستە، مردووەکانیش نەخۆش ناکەون. بلێ چیت دەوێت، مەلێ چیت ناوێت. خوای گەورە دەفەرموێت: "ادعونی استجب لکم"، بانگ بکەن وەڵامتان دەدەمەوە. یان هی وایە دەڵێت خوایە زەلیلمان نەکەی ئینشائەڵڵا. باشە بۆچی دەبێت زەلیل بیت! ئەسڵەن بۆچی بیرت بۆ لای زەلیلیی دەڕوات! هەمیشە ئامانجەکانتان بە ڕستەی باش بلێن. لەبری ئەوەی نەفرەت لەوانی تر بکەیت، دوعایان بۆ بکە. هەر کەسێك کە کارێکی هەڵە دەکات و نەزان و نەفامە، بلێ خوایە ڕێنمایی بکە. ئەگەر بلێی ئینشائەڵڵا خوا زەلیلی بکات، ئەوسا زەلیلەکان زۆر دەبن و ئیتر



Scanned by CamScanner

تۆ ناتوانی بژیت، ناتوانی پارە پەیدا بکەیت، چونکە کەسانی زەلیل پارەیان نییە بتدەنێ. بلێ خوایە هەمووان دەوڵەمەند بن، هەمووان بەختەوەر بن. باوکم هەمیشە ئامۆژگاریی دەکردین و دەیگوت: "دوعا بکەن هاوڕێکانتان دەوڵەمەند بن، سەرکەوتوو بن، لانیکەمی سوودەکەی ئەوەیە کە پارەت لێ قەرز ناکەن".

### دووەم: شیاوی ئەندازە گرتن بێت

واتە چی شیاوی ئەندازە گرتن بێت کە دەڵێیت خوایە من بەختەوەر بم، چۆن؟ مێشکت لە کوێوە بزانیت تۆ بەختەوەر بوویت؟ خوایە من دەوڵەمەند بم، دەڵەمەندی واتە چی؟ بڕەکەی چەندە؟ چەندت دەوێت؟ کەی؟ چۆن؟ لە کوێ؟ هەرچەندە زووتر وەڵامی بدەیتەوە، زووتر پێی دەگەیت. هەمیشە هەوڵ بدە ئەو شتەی دەتەوێت، شیاوی ئەندازە گرتن بێت.

### سێیەم: لەگەڵ پێنج هەستەکەدا تیکەڵ ببێت

واتە بە هەر پێنج هەستەکەت (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن)، هەستی پێ بکەیت. دەتەوێت خۆشبەخت بیت؟ خۆشبەختی چ بۆنێکی هەیە؟ خۆشبەختی شێوەی چۆنە؟ خۆشبەختی چ هەستێکت دەداتی؟ نەرمە، زبرە، ڕەقە، سافە؟ بە مێشکت بلێ خۆشبەختی چۆنە، تا تێی بگات و کاری لەسەر

بکات. بۆچی؟ چونکە مێشکی تۆ کاسەیەکی داخراوە و وەکو کۆمپیوتەرێك وایە، تۆ تازەترین و بەهێزترین و چاکترین کۆمپیتەری جیهان بهێنە، ئەگەر کیبۆرد، ماوس، پرێنتەر، مۆنیتەر، درایڤی سی دی نەبێت، دەتوانی سوودی لێ ببینی؟ نەخێر، ناتوانی پەیوەندیی لەگەڵ ببەستی، پەیوەندیشی لەگەڵ ببەستی وەڵامی دەوێت، دەی دەبێت پرێنتەری هەبێت، سی دی هەبێت، مۆنیتەری هەبێت، تا شتێکت بداتێ، بۆت کۆپی بکات. مێشکی مرۆڤیش بەو شێوەیەیە، هەرچییەکت لێی بووێت، دەبێت پێی بڵێیت شێوەی چۆنە، ڕەنگی چۆنە، بۆنی چۆنە. هەر بۆیە من پێشنیارتان بۆ دەکەم تەختە ڕەشێك یان تابلۆیەك دابنێن و وێنەی ئەو شتانە بکێشن کە حەزتان لێیەتی، بۆ نموونە دەتەوێت کێش دابەزێنیت، وێنەی لاوازیی خۆت یان ئەو کەسەی پێت خۆشە وەك ئەوت لێ بێت، پیایدا هەڵواسە، تا مێشکت بیبینێت دەتەوێ چیت لێ بێت.

خانووت دەوێت؟ وێنەی خانووەکە شێوەی چۆنە هەڵیواسە. هاوسەری نموونەییت دەوێت؟ بنووسە هاوسەری نموونەیی واتە چی. زۆربەی ئەو کەسانەی دێن بۆ لای من، پێیان دەڵێم بینووسن چیتان دەوێت و پرسیارەکەتان چییە، زۆربەیان نایننووسن، بۆچی؟ چونکە نازانن چییان دەوێت!

هاورێیەکم هەبوو زۆر ڕەزیل بوو، پێمگوت: بۆچی تۆ هیچ

ناکڕی و پارە خەرج ناکەیت؟ گوتی: مەحموود گیان کە من هەزار تمەنم پێیە، خاوەنی هەموو ئەو شتانەم کە نرخەکەیان هەزار تمەنە، بەڵام کاتێك کڕیم تەنیا خاوەنی یەکێکیانم. دەیوت کاتێك هەزار تمەنەکەم پێیە، دەچمە دووکانەکەوە دەتوانم ئەمە بکڕم، ئەوە بکڕم، ئەمە هی منە، ئەوە هی منە، زۆر خۆشە بەلامەوە.

ئەگەر بزانی چیت دەوێت، مێشکت دەتگەیەنێت پێی، بە وردی بڵێ چیت دەویت. ڕۆیشتن ئاسانە، ئەگەر تۆ بەرەو مەنزڵ بڕۆیت.

من هەندێ جار چەند یاداشتێکی بچووك بچووك دەدۆزمەوە لە کەلوپەلەکانمدا، دەڵێم ئاااها! من پێنج ساڵ لەمەوپێش، دە ساڵ لەمەو پێش ئەمەم نووسیوە و وێنەی ئەمەم کێشاوە.

سەرەتا بە نووسین دەست پێ بکەن، پاشان چاوەکانتان داخەن و بڵێن ئاااهـ چەند جوانە! خانمان لەم کارەدا زۆر وەستان، لە کاتێکدا هیچ پارەی پێ نییە، دەچێت لەبەردەم زەڕەنگەرێکدا ڕادەوەستێ و دەڵێت: فەخری گیان بە ڕای تۆ ئەمەم لێ دێت؟ ئەویش دەڵێت: ئۆۆو ئەگەر لەو ئاهەنگە لە خۆتی بەی، دڵی دە کەسی پێ دەتەقێنی!! پارەی پێ نییە، ئەگەر مێردەکەیشی بزانێ دووکەڵ لە گوێچکەیەوە دێتە دەرەوە، کەچی دەچێتە ژوورەوە بۆ ناو دووکانەکە و دەڵێت: کاکە ئەمە بە چەندە؟ دەکرێت تاقیی بکەمەوە؟ دەیکاتە ملی و خۆی پێوە با دەدات، هەر وا سەیری خۆی دەکات، دوایش دەیکڕێ!

من ئەو جۆرە ئافرەتانەم دیوە کە پارەیان نەبووە و مێردەکانیان گاڵتەیان بە قسەکانیان کردووە. بۆ نموونە دەڵێت: "پیاوەکە با بچین سەیری خانوو بکەین". ئەویش دەڵێت: "ژنەکە پارەمان نییە، بچین سەیری خانوو بکەین؟!". ژنەکەش دەڵێت: "جاریّ با بچین ببینین، خۆ بینینی پارەی تێ ناچێت". ئینجا کە دەچن سەیری دەکەن، ژنەکە دەڵێت "با بزانم چێشتخانەکەی چۆنە، ژووری میوانەکەی چۆنە". دەچێت لە ژوورێکدا دادەنیشێت و بە مێردەکەی دەڵێت: "ئەو لەوێدا دادەنیشێت، ئەم لێرە دادەنیشێت، منداڵەکان لێرە یاری دەکەن". پیاوەکە دەڵێت " ئەوە ژنەکە تۆ چی دەڵێیت؟!! هەستە با بڕۆین". بەڵام ئەو ژنە براوەیە، چونکە هەر بەو سادەییە دەزانێت خواستەکانی لەگەڵ پێنج هەستەکەیدا بگونجێنێت.

ئامانجەکانتان تەنیا با ئۆتۆمبێل نەبێت، با ئامانجی خێزانی و کۆمەڵایەتی و هەموو ئامانجەکانی دیکەتان هەبێت. هەرگیز لە داواکارییەکانتان مەترسن، ژیان وەك فرۆشگایەکی گەورە وایە، داوای هەرچییەك بکەیت، بۆت دەهێن، وا مەزانە تەنیا مافی یەك هەڵبژاردنت هەیە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئامانجی باش ئەوەیە کە لە بەرژەوەندیی ئێمە و ئەوانی دیکەیشدا بێت. ئامانجێك کە تەنیا لە بەرژەوەندیی خۆتدا بێت، زۆر بە سەختی دێتە دی. دەبێت



Scanned by CamScanner

کۆمەڵگەکەت و کەسانی چواردەورت لەو ئامانجەی تۆ کەڵك وەربگرن، ئەگەر کەڵك وەربگرن، خێراتر پێی دەگەیت. چ بمانەوێت چ نەمانەوێت، بە ڕێگایەکدا دەڕۆین کە مرۆڤەکانی تێدایە، ئەو مرۆڤانەی لەگەڵماندان ئەگەر بزانن گەیشتنی من بە خواستەکانم لە بەرژەوەندیی ئەوانیشدایە، ڕێگەم بۆ دەکەنەوە.

لە کۆمەڵگە پیشەسازییە سەرکەوتووەکاند، خەڵکی خۆشحاڵن سەبارەت بە بیل گەیتس و جاك بێڵ و جیم پارتیسۆن قسە بکەن، بە یەکدی دەڵێن: "سەیری خانووەکەی بکە! چ سامانیکی هەیە!!". نیشانی یەکتری دەدەن، بۆچی؟ چونکە لەوێ کەسی ساماندار باج دەدات، کار پەیدا دەکات، ئەوان دەزانن ئەگەر ئەو کەسانە نەبن، دەبێ بچن سواڵ بکەن.

ئەگەر دەوڵەتێك بیەوێت بەهێز و بەتوانا بێت، دەبێت دانیشتووانەکەی بەهێز بن. دەبێت باج بدەن تا خەزێنە پڕ بێت، بچن کۆشکی تەختی جەمشید دروست بکەن، بچن کۆشکی ڤێرسای دروست بکەن. نەتەوەیەك کە پارەی نەبێت، ناتوانێت هیچ بکات، دەبێتە سەربار بۆ دەوڵەت و حکومەت. ئەگەر لە فەرمانگەیەك کار دەکەیت، هەوڵ بدە کارمەندەکانت گوزەرانیان زۆر باش بێت، چونکە ئەوکاتە تۆ سەرکەوتوو دەبیت. ئەگەر تۆ بەڕێوەبەرێکی شایستەی، دەبێت یارمەتیی کارمەندەکانت بدەیت تا بە خواستەکانیان بگەن. هەرچەند ئەوان زووتر بە خواستەکانیان



Scanned by CamScanner

بگەن، تۆ زووتر بە خواستەکانت دەگەیت.

لە وڵاتاندا زۆر دەبینیت پردێکیان دروست کردووە و نووسیویانە (دیاریی کۆمپانیای فلان). واتە کۆمپانیاکان پرۆژەی خزمەتگوزاریی گشتیشیان هەیە، لەبەر ئەوەی دەزانن ئەگەر لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان ئیش بکەن، فرۆشیان زیاد دەکات. ئەگەر فڵان کۆنپانیای مۆز فرۆشتن یان میوە فرۆشتن، کاری قورس بە منداڵان بکات، لە رۆژنامەدا باس دەکرێت و ئیتر خەڵکی شتی لێ ناکرن، چونکە دەڵێن ئازاری منداڵان دەدات، خزمەت ناکات، بەو شێوەیە ناوبانگی لەکەدار دەبێت.

ئامانج دەبێت بە ئەندازەی پێویست گەورە بێت، ئەگەر نزیک بێت بەرێ ناکەویت، دەبێت کەمێك ڕاتبکێشێت و ئارەزووت بخاتە کار. ئەگەر بڵێیت خراپ نابێ پێنج هەزارم هەبێ، بەرێ ناکەویت، بڵێ پێنج ملیۆن دینار، چاوت دەکرێتەوە و بەرێ دەکەویت.

ئامانج دەبێت جێگەی باوەڕ بێت، تۆ ئێستا دە ملیار، سەد ملیار دیناریشت بوێت هەیە، هیچ سنووردارییەك لە ئارادا نییە، بەڵام دەبێت خۆت باوەڕی پێ بهێنیت. چەندێکت دەوێت، بڵێ ئەوەندە. هەر لەبەر ئەوەیە دەڵێن لە هەر شوێنێك بیت، هەوڵ بدە مانگی لە سەدا بیست گەشە بکەیت. تۆ ئەگەر مانگی لە سەدا بیست گەشە بکەیت، لە کۆتایی ساڵدا چەندین هێندە گەشە دەکەیت، ئەگەر ئەو ڕەقەمە لە سەرەتا و بە یەکجار بە خۆتی



Scanned by CamScanner

بلێی، تووشی شۆك دەبیت.

لێرەدا نموونەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە، چەند کەس چوونەتە پۆلی یەك لە قوتابخانە؟ هەمووتان ڕۆیشتوون، کەس یەکسەر نەچووەتە پۆلی شەش. کاتێك دەچیتە پۆلی یەك، ئێوە ئێستا دیپلۆمتان هەیە، ئەندازیارن، پزیشکن، پۆستتان هەیە، لە پۆلی یەکەوە تا گەیشتوویتە ئێرە، چەند کتێبت خوێندووەتەوە؟ چەند راهێنانت نووسیوەتەوە؟ چەند تاقیکردنەوەت کردووە؟ بینووسن و بیژمێرن، ژوورێك دوو ژوور، چەند ژوورێك دەگرێت. ئێستا بە منداڵێکی پۆلی یەك بڵێ کورم، ئەو دوو ژوورە دەبینیت؟ تەواوی کتێبەکانی بخوێنەوە، تەواوی ڕاهێنانەکانی بنووسەوە و تاقیکردنەوەکانیش ئەنجام بدە، ئینشائەڵڵا دیپلۆم وەرەگریت! منداڵەکە دەگری و ڕادەکات.

کە منداڵ دەچێتە پۆلی یەك فێری، ئەلف، بێ، تێ... دەبێت، لە خۆشیدا پێدەکەنێ و یاری دەکات. هێندە بەسە ئەم منداڵە فێری ئەلف بێ ببێت و سفر تا نۆیش بزانێت.

ئامانجێك دیاری بکە کە ئەنجامی بدەیت، ڕێز لە خۆت بگریت کە فێری ئەلف بێ بوویت فێری سفر تا نۆ بوویت، لە ناکاو باز هەڵ دەدەیت. ئیتر ناتوانن ڕێگەت لێ بگرن، کەواتە لە جێگەیەکەوە دەست پێ بکە کە باوەڕت پێیەتی، ناڵێم ئاسان بێت، باوەڕی پێ بکەیت، ئەوسا بە هەموو شتێك دەگەیت.



Scanned by CamScanner

لەکتێبی (ساماندار و شادوومان بن)دا پێتان دەڵێین کە لە کوێوە و چەند ئاسان دەتوانی ساماندار بیت. زۆربەمان دەوڵەمەند نابین، چونکە باوەڕمان پێی نییە، ئێمە باوەڕ بەوە ناکەین دەتوانین ساماندار بین. دەڵێت: من کارمەندێکم، من ژنێکی ماڵەوەم، من خانەنشینم، ئاخر چۆنچۆنی دەوڵەمەند دەبم؟!! ئەوە باوەڕێکی هەڵەیە، لەو کتێبەدا دەیبینن چۆنچۆنی دەکرێت.

ـ تایبەتمەندییەکی دیکەی ئامانجی باش ئەوەیە بتوانیت بەسەر ئامانجە بچووکەکاندا دابەشی بکەیت. بۆ نموونە دەتەوێت بچیت بۆ سەر شاخ، یان بچیت بۆ ناوچەیەکی گەشتیاری، چی دەکەیت؟ سەرەتا تەلەفۆن بۆ هاوڕێکانت دەکەیت، خۆت کۆدەکەیتەوە، هەندێ شت دەکڕی، بڕیار دەدەیت بەیانی سەعات چەند لە خەو هەڵسیت، شوێنێك دیاری بکەن کە پێکەوە کۆببنەوە و لەوێوە بەڕێ بکەون.

پاشان بە ڕێگەیەکدا بەرەو شوێنەکە دەڕۆن، ئەگەر بۆ شاخ بڕۆن، هێواش هێواش سەرەتا یەکەمجار دەچنە دامێنی چیاکە، پاشان قەدپاڵی چیاکە، دواتر وردە وردە سەر دەکەون، ئەم قۆناغبەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بکەی لە ڕێگەدایت و خەریکە دەگەیتە شوێنی مەبەست و ون نەبوویت. بەڵام ئەگەر کەسێك بیر لە ڕێگاکە بکاتەوە، بەم قۆناغانەشدا دەڕوات و هەمیشەش ماندووە، هەر دەپرسێ کەی دەگەین؟ نەگەیشتین؟!! لە



Scanned by CamScanner

کاتێکدا ئەو کەسەی قۆناغ بە قۆناغ هاتووە، بۆ هەر قۆناغێك پاداشتێکی وەرگرتووە و خۆشحاڵە.

لێرەدا چیرۆکێکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە: من مەلەوان بووم، بەردەوام کوڕەکانی تیپەکەمان دەیانگوت: موعەزەمی تۆ بۆ ئەوەندە زۆرمان لێ دەکەیت؟! منیش دەمگوت: کەی زۆرم لێ کردوون! بۆ نموونە ڕاهێنەرەکەمان پێی دەگوتین ٧٠٠ مەتر مەلە بکەن، من لە کۆتاییەکەیدا باشتر و بەهێز تر مەلەم دەکرد، لە کاتێکدا ئەوان ماندوو دەبوون، دەیانگوت: تۆ خێرا مەلە دەکەیت، ئێمەیش دەبێت خێرا مەلە بکەین، ماندوو دەبین، پەلەمان چییە، ڕاهێنەرەکەمان پێماندەڵێت دووبارە مەلە بکەنەوە؟!

دواتر بۆم دەرکەوت کە جیاوازییەك لە نێوان من و هاوڕێکانمدا هەیە، من دەمگوت ٧٠٠ مەتر ئەگەر درێژیی حەوزەکە ٢٥ مەتر بێت، چوار جار دەکاتە سەد مەتر، واتە ٢٨ جار دەکاتە ٧٠٠ مەتر، ئێمە دەبوو ٢٨ جار بە درێژیی حەوزەکە مەلە بکەین. من کاتێك مەلەم دەکرد، بەم شێوەیە دەمژمارد (٢٨، کاتێك دەگەشتمە ئەوبەر دەمگوت ٢٧، دەگەڕامەوە ٢٦، ٢٥... هەرچی لە کۆتایی نزیك دەبوومەوە، ژمارەکان کەمتر دەبوون، دەگەیشتمە سێ، دوو، یەك، کاتێك دەگەیشتمە یەك، خێراتر دەبووم، بەڵام هاوڕێکانم کە لە ژمارە یەکەوە دەستیان پێ دەکرد، دەگەیشتنە



Scanned by CamScanner

٢٤، ٢٥، ٢٦... ئیتر ماندوو دەبوون، دەیانگوت ٢٦ جار ڕۆشتووین ئیتر ناتوانین. بۆیە ژمارەی پێچەوانە بۆ ئامانجەکانت دابنێ، تا سەرکەوتنت نیشان بدات نەوەک کۆتایی ڕێگاکە، چەندێکت ئەنجام داوە، چەندێکی ماوە، کاتێك دەزانی هیچی نەماوە، هەر ئەم ستراتیژە دەبێتە هۆی ئەوەی کە چێژ لە کارەکەت وەربگریت.

- یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئامانجی چاك ئەوەیە بنووسرێتەوە. زۆر گرنگە ئامانجەکانتان تۆمارکراو و نووسراو بن، ئامانجە نەنووسراوەکان لە ئارەزوویەك زیاتر نین! من تا ئێستا زیاتر لە دە جار ئەم بابەتەم بەشێوەی سیمینار پێشکەش کردووە، بەڵام دیسان دەینووسمەوە. کاتێك نووسیت، لە دنیادا تۆمار دەکرێت، دنیاش ئەرکی سەرشانییەتی خواستەکانت بەدی بهێنێت، بۆیە هەمیشە بینووسن.

تەکنیکێك هەیە ئەگەر ئەنجامی بدەن، لە کارەکانتاندا سەرکەتوو دەبن. ئەم تەکنیکە مامۆستاکەم (خوا لێی خۆش بێت) فێری کردم. وتی هەرکاتێك چووی بۆ لای بەڕێوەبەر یان بەرپرسەکەت، کاغەز و قەڵەمێك لەگەڵ خۆت ببە و هەرچی وت بینووسە. بڵێ: فەرمووت ئەم کارە ئەنجام بدەم؟ باشە بەسەر چاو. کارێکی دیکەت نییە ئەنجامی بدەم؟ مامۆستاکەم دەیگوت: کاتێك بەرپرسەکەت دەبینێ قسەکانی دەنووسی، هانی دەدەیت بۆ

ئەوەی کاری زیاترت پێ بدات، کە کاری زیاتریشت پێ بدات، دەبێت بەرپرسیارێتیی زیاترت پێ بدات، کاتێك بەرپرسیارێتیی زیاتری پێدایت، دەسەڵاتی زیاترت پێ دەدات، بەو شێوەیە پێش دەکەویت.

- خاڵێکی دیکە هەیە زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە (بۆ گەیشتن بە ئامانج، پشت بە هیچ کەس جگە لە خۆتان مەبەستن). تەنیا خۆت دەبێت بەرپرسیاری ئامانجی خۆت بیت. تۆ بڵێیت "ئەگەر ئەم وای کرد، ئەگەر ئەو ڕازی بوو، ئەگەر دایکم ویستی، ئەگەر باوکم پێی خۆشبوو، ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت"، ئەوا هەر لە ئێستاوە پێت دەڵێم کە ناکرێت، بۆیە دەست هەڵبگرە لەو قسانە، تەنیا خۆت.

تایبەت بەم بابەتە چیرۆکێکی سەردەمی منداڵیم وەبیر هاتەوە کە بەم شێوەیەیە "باڵندەیەك لەناو گەنمی جووتیارێکدا هێلانە دەکات، کە گەنمەکە پێدەگات و کاتی دروێنە نزیك دەبێتەوە، ڕۆژێك یەکێك لە بێچووەکانی دێت و بە دایکی دەڵێت: جووتیارەکە دەیەوێت درەو بکات، بۆیە هێلانەکەمان تێك دەچێت. دایکەکەیش پێی دەڵێت: چۆن دەزانی؟ دەڵێت: گوێم لێ بوو جووتیارەکە بە دراوسێکەیانی دەگوت بەیانی درەو دەکەم وەرە یارمەتیم بدە. دایکەکە وتی: نا، خەمتان نەبێ درەو ناکات. جارێکی دیکە بێچووەکەهاتەوە و وتی: جووتیارەکە بە



Scanned by CamScanner

خزمەکانیشی وت کە درەو دەکات. دایکەکە وتی: نا، خەمتان نەبێ درەو ناکات. پاش چەند ڕۆژێك کە درەوەکە نەکرا، بێچووەکە گوێی لە جووتیارەکە بوو کە بە ژنەکەی گوت: کەس نەهات بۆ هاوکاریمان، دەبێ خۆمان قۆڵی لێ هەڵماڵین. کە بێچووەکە ئەوەی بۆ دایکی گێڕایەوە، ئیتر دایکەکە وتی: خۆتان کۆبکەنەوە با بڕۆین، ئەمڕۆ دێن درەو دەکەن".

ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە ئەوەیە، خۆت دەبێت بەرپرسیارێتی ژیانت لە ئەستۆ بگریت، سووکانەکە بەدەست خۆتەوە بێت. ئەگەر لە شوێنێکی سووکانی ژیانت بە دەست خۆتەوە نییە، لێی وەرە دەرەوە، چونکە بە ئەگەری ٩٩٪ کات بە فیڕۆ دەدەیت.

## ـ ئامانج دەبێت ئاگایانە بێت

نووسین و بوونی کۆنترۆڵ لە دەستی خۆماندا ئەمە ڕوون دەکاتەوە، ئەگینا هەر پێی دەگەیت، بەڵام هەست بە پووچی دەکەیت. دەڵێیت: باشە ئەم هەموو پارەیەم خەرج کرد، لەگەڵ فڵاندا زەواجم کرد، یان فڵان شتم کڕی، چیم دەست کەوت؟! بۆیە دەبێت ئامانج ئاگایانە بێت، بزانیت چی دەکەیت.

ئەو ئامانجانەی دیاری دەکەن ئەمە مەرجەکانی بوو. بۆ ئەوەی بگەینە کۆبەندییەك، دەمەوێت ڕێگەچارەیەکی سادەتان پێ بڵێم، شێوازێکە بە ناوی (شێوازی سمارت)



Scanned by CamScanner

## ١ـ سمارت smart

له شێوازی سمارتدا، دەبیت (سپێسفیك -spesfic ) بیت، واته به دیاریکراوی بزانیت چیت دەوێت. بۆ نموونه: بڵێ من تا کۆتایی ئەم مانگە یەك ملیۆن دینارم دەوێت، پارەم دەوێت، زێڕم ناوێت، یان تا کۆتایی ئەم مانگە دەبێت ئەم خانووە بکڕم، تا کۆتایی ئەمساڵ دەبێت ئەم کۆمپانیایە دابنێم، لەم بوارە دەبێت ئەم کارە خێرە ئەنجام بدەم، واته به وردی بزانی دەتەوێت چی بکەیت، زۆر بە وردی دیاریکراو بێت.

## ٢ـ مێژەرەبڵ measurable بێت

واته شایەنی ئەندازەگرتن بێت. بۆ نموونه: پارەیە، هەزار دینارە، خانووە، دوو سەد مەترە، لە کوێیە، نهۆمی چەندەمە، قەبارەی چۆنە، شێوەی چۆنە؟ هەرچییەکت دەوێت دەبێت ئەندازەی دیاری بکەیت.

## ٣ـ ئەچیڤەبڵ achievable بێت

واته شیاوی دەستپێڕاگەیشتن بێت. واته چی؟ خوایە یارمەتیم بدە تا تەواوی خەڵکی دنیا خۆشبەخت بکەم. وەڵامی مێشکت بۆ ئەم دوعایە گاڵتە کردنە، پێت پێدەکەنێت. ئەمە چییە دەیڵێیت!



Scanned by CamScanner

خۆت گیرتخواردووه و قسه لەسەر هەموو دنیا دەکەیت! لەم بەشەی جێجەجێ کردندا نابێت (دۆنکیشۆت) بیت، دەبێت واقعبین بیت.

هەروەها دابەشی بکە بۆ قۆناغی بچووکتر: یەکەمجار ئەمە دەکەم، دووەم جار ئەمە دەکەم، سێیەم جار ئەوە دەکەم... ئەوسا پێی دەگەیت و مێشکت باوەڕت پێ دەکات.

## ٤- بەرپرسیارێتی responsible

بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆی خۆتدا بێت. خۆت بەرپرسیاریت نەك کەسێکی تر. ئەگەر ئەم کارەت کرد، سەرکەوتوو دەبیت. ئەمە شێوازی (سمارت) بوو، شێوازێکی زۆر هۆشمەندانەیە.

## ٥- کات time bound

کاتی دەسپێك و کاتی کۆتایی. کاتێك ئامانجێکت هەیە، پێویستە لە خۆت بپرسی دەبێت کەی دەست پێ بکەیت؟ سبەینێ، شەممە، سەری مانگ هەر ئێستا؟ ئێوە بەرنامەی سەرکەوتنتان لە کەیەوە داناوە؟ لەو کاتەی بیرتان لەوە کردەوە بێن بۆ کڕینی ئەم کتێبە. کاتێك هاتوون، پارەتان داوە، کاتتان تەرخان کردووە، هەموو ئەمانە هەنگاون.

من هەمیشە بە خۆم دەڵێم: (do it now)، هەر کارێکم پێ دەڵێن یان ئێستا ئەنجامی دەدەم یان ئەنجامی نادەم، لە یادی



Scanned by CamScanner

دەکەم، دەیدەم بە یەکێکی تر ئەنجامی بدات. ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت، هەر ئێستا ئەنجامی بدە.

جاری وا هەیە هەندێك لەو هاوڕێیانەی لەگەڵ من کار دەکەن، دەپرسن: بەڕێز موعەزەمی کەی ئەمەت بۆ بهێنین؟ دەڵێم: دوێنێ!! پرسیاری ناوێت، هەر ئێستا. قسەیەکی باو و هەڵە هەیە کە دەڵێت: "هەر (کات) زۆرە". نەخێر ئەوە هەڵەیە، شتی وا نییە. یان کەسی وا هەیە دەڵێت: "کاکە ئەمڕۆ نەکرا، سبەینێ ئەنجامی دەدەین". ئەوە هەڵەیە، سبەینێ ڕۆژێکی ترە و بەوەش تۆ بیستوچوار سەعاتت لە دەست داوە. نابێت دڵەڕاوکێت هەبێت، سوود لە کات وەربگرە، ئەو کارەی دەتوانی ئێستا ئەنجامی بدەیت، دەبێت هەر ئێستا ئەنجامی بدەیت.

بیرتان نەچێت زۆرجار پێویستت بە کاتە تا بە ئامانجێك بگەیت. بەڕێوەبەرێکی فرۆشتن هەبوو بە ناوی کیڤین. ڕۆژێکیان هات پێی وتم: "مەحموود نزیکەی ساڵێکە لەگەڵ ئێوە کار دەکەین و هیچتان نەفرۆشتووە". وتم: "هەر وایە کە تۆ دەیڵێیت، ئێمە بە ڕواڵەت هیچ جیاوازییەکمان لەگەڵ ئەو کەسانە نییە کە هاتوون، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازییەکی گەورەمان هەیە". وتی: "جیاوازیتان چییە؟" وتم: "لە ئامانجەکەمان نزیکبووینەتەوە". واتە ئەگەر شوێنی مەبەست دە هەنگاوە بێت و بارانێکی بەخوڕیش ببارێت، من خەریکم هەنگاو دەنێم و هەر هێندەی ئەو



Scanned by CamScanner

کەسە تەڕ دەبم کە ڕاوەستاوە، بەڵام جیاوازیی من لەگەڵ ئەو چییە؟ ئەوەیە یەك هەنگاوی تر بنێم دەگەم بە ئامانج، هەر بە ڕاستییش وا بوو، دوای چەند مانگێك فرۆشمان دەستی پێ کرد.

لە بیرتان بێت زۆربەی جار ئەو تۆوەی کە دەیچێنن، هەر لەوێدا سەوز نابێت، دەبێت ئارام بگرن. ئەو تۆوەی لە دڵی سەرمادا چاندووتە، خەریکە ڕەگ دادەکووتێت، خەریکە خۆی ئامادە دەکات، جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو تۆوەی کە لە بەهاردا دەیڕوێنیت، ئەم زووتر گەشە دەکات. ئارامتان هەبێت، ژمارەی پێچەوانەش پێتان دەڵێت دوو هەنگاو، یەك هەنگاو، ئامانج، بەڵام ئەو کەسەی کە دەڵێت یەك، دوو... ئاه هێشتا هەر باران لێم دەدات، ڕەنگە ئەو هەنگاوەی کۆتایی نەنێت، جیاوازییەکەی ئەمەیە.

چی بکەین تا خێراتر بە خواستەکانمان بگەین؟

ئامانج و تایبەتمەندییەکانیت دەستنیشان کردووە و هەموو شتێك ڕەچاو دەکەیت، ئێستا چەند خاڵێکت پێویستە بۆ ئەوەی خێرا پێی بگەیت. من ڕستەیەکم هەیە، دەڵێم: "هیچ ناوقەدبڕێك بوونی نییە". لە دنیادا ناوقەدبڕ بوونی نییە، ڕێگاکان یان ڕاستن یان هەڵەن. ڕەنگە کەسێك بڵێت: "چۆن ناوقەدبڕ نییە، ئێمە لەم ڕێگەیانەوە بڕۆین دە سەعاتمان پێ دەچێت، لەمەی دیکەیانەوە بڕۆین پێنج سەعاتمان پێ دەچێت!!" منیش دەڵێم: "دەی ئەم



Scanned by CamScanner

ڕێگەیان دروستە و ئەوەیان هەڵەیە". کەچی ئەو دەڵێت: "ئاخر ئەگەر بەفر و سەرما و ڕێبەندان بێت، ناتوانین بەم ڕێگەیەدا بڕۆین". منیش دەڵێم: "کەواتە ئەو ڕێگەیەی دیکەیان بۆ زستان ڕێگەی ڕاستە". بۆیە دووپاتی دەکەمەوە شتێك نییە بە ناوی (ناوقەدبڕ)ەوە، ڕێگەکان یان ڕاستن، یان هەڵەن. ناوقەدبڕ، کەسێك پێیدا دەڕوات، کە دەیەوێت بەهاکەی نەدات، کاتێکیش بەهاکەیت نەدا، کڵاوت کردووەتە سەری خۆت، لە شوێنێکی دیکەوە باجەکەی دەدەیت کە ڕەنگە خۆت ئاگات لێی نەبێت.

ئەو کەسانەی بەدوای شتی بەلاشدا دەگەڕێن، هەموویان لە منداڵیدا دەژین. منداڵەکانیش دەبێت منداڵ بن، ئەوانی تر بەرێوەیان بەرن، تکایە بەشوێن شتی بەلاشدا مەچن. هەرچەندە ئێمە لەسیمینارەکاندا بڕۆشۆرێکتان بێ بەرانبەر پێ دەدەین هی ئامانجە ئایا بێ بەرانبەرە؟ نەخێر. ئەی بەهاکەی چییە؟ دەبێت ئەو فۆڕمە پڕ بکەنەوە. ناو و ناونیشان و تەلەفۆن و ئیمەیل و هەموویمان پێ بدەن. ئەگەر ئەمانەتان بە ئێمە دا، ئێمەیش نامیلکەیەکی ڕاهێنانەکانی ئامانجتان بۆ دەنێرین بە ئیمەیل یان فاکس. ئێمە شتی بەلاشمان نییە، ناو و ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی ئێوەمان لایە و کاتێك ویستمان پەیوەندیتان پێوە بکەین ئیتر بۆ کۆ کردنەوەتان پێویست ناکات دوو هەزار، سێ هەزار خەرج بکەین، ئەوە بەهاکەیەتی، واتە نە ئێمە هیچمان بێ



Scanned by CamScanner

بەرانبەر دەست کەوت، نە ئێوە.

هەر کە وتت فلانە شت بەلاشە، هەندێك دەڵێن واووو!! بەڵام هیچ شتێك لەم دنیایەدا بەلاش نییە، هەر کاتێك پێتوابوو بەلاشە، تکایە کەمێك وردبەرەوە بزانە لە کوێدا بەهاکەی دەدەیت.

بۆ ئەوەی خێرا بە ئامانجەکەت بگەیت:

١ـ بینووسە و دیاری بکە کە چیت دەوێت

٢ـ هەنگاو بنێ

٣ـ ڕاوەستە و پێدابگرە

تەواوی بەرنامەکەمان لەم سێ خاڵەدا کورت دەبێتەوە: ئامانجەکەتان بنووسن، جورئەتی هەنگاونانتان هەبێت، پێداگر بن، پێداگر بن، پیداگر بن...

دوو دەستە لە گەیشتن بە خواستەکانیاندا زۆر سەرکەوتوون: یەکەم خانمەکان و دووەم منداڵان. یەکێك لە هاوڕێکانم کە پێشتر بەشداریی سیمیناری ئامانجی کردبوو، دەیوت: چونکە پێشتر بەشداریی ئەم سیمینارەم کردبوو، تاقیم کردەوە. وتی کچەکەم ناوی مەهسایە، بە هاوسەرەکەمم وت کە داوای شتێکی کرد مەیدەرێ بزانین چی دەکات، پێتان وایە چەند جار داوای کرد؟ سەد و پەنجا و یەك جار وتوویەتی: دایە؟ بابا؟ وتی ئێمە بێزار بووین ئەو هەر دەیوت بابا، دایە، دواجاریش ماندوو بوو خەوی



Scanned by CamScanner

لێکەوت.

سەد و پەنجا و یەکجار منداڵێك داواکەی دووبارە کردەوە.

خوشکان، برایان، زۆربەی جار من و ئێوە بیرکردنەوەیەك لە سەرماندا هەیە تەنانەت باسیشی ناکەین، دەڵێین نابێت! بیر لە مەهسا خانم بکەنەوە، بیر لە ئەدیسۆن بکەنەوە، بیر لە تەواوی ئەو کەسانە بکەنەوە کە ملیۆنان سەعات کاتیان سەرف کردووە تاکو من و تۆ لەژێر ڕووناکیدا بین، دەرمانی گونجاومان هەبێت، خوێندنمان هەبێت، هەر ئێستاش خەریکن ئیش دەکەن، پێداگرن.

بەیتێك شیعر هەیە دەڵێت:

**تا نا کۆتا دەست لە داوا هەڵناگرم تا بە مرادی دڵ دەگەم**
**یاخود دەگەم بە یار یاخود گیان پێشکەش دەکەم**

کەسی وا هەیە دەڵێت: دە جار پێموت هەر گوێ ناگرێت. کەسێك هەبوو بە دە کەس پێیان نەدەوێرا، پاشان یازدە کەس هاتن لێیان دا. تۆش دە جار وتت، دەی یازدە جار بیڵێ.

کۆبەندی کۆتایی. بەڕێزان تەواوی ئەو بابەتانەی بۆم باسکردن، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و ڕێکخراو یەك چەمکیان هەیە، چەمکەکانی لە چیرۆکەکان، شیعرەکان، کە لە بەسەرهاتەکان و



Scanned by CamScanner

فیلمەکاندا هاتووە و ئێستا بیرتان دەخەمەوە.

ئەمیر ئەرسەلانی نامدار، شیرین و فەرهاد، لەیل و مەجنوون، ئەمانە چین؟ ئەمانە بە وردی مانای زیندووی ئامانجدارین، فەرهاد، شیرینی دەوێت، زلێخا، یوسفی دەوێت، سەرنج بدەن، بۆ نموونە شیرین نییە سیمینە، فەرهاد گیان ئەم سیمین خانمە لە شیرین جوانترە، دەڵێت من شیرینم دەوێت. بە مەجنوون دەڵێن لەیلا ڕۆیشت با بڵێین مەیلا هاتووە، ئەڵێ نا، من هەر لەیلام دەوێت، دەڵێن لە ڕاستیدا لەیلا زۆریش جوان نەبووە، دەڵێت کێشە نییە ئەوەی کە من دەیبینم لەو جوانتر نییە.

ئامانجەکەی دیاریکراو بووە، بە شوێن لەیلادا گەڕاوە، بە شوێن یوسفدا گەڕاوە، بە شوێن شیریندا گەڕاوە، زانیویەتی چی دەوێت، منیش هەر ئەوە دەڵێم، دەبێت بزانیت چیت دەوێت.

یەکێك لەو شتانەی پێشنیازی دەکەم بۆتان کە پەیدای بکەن و تەماشای بکەن فیلمی (حەسەنە کەچەڵ)ە، کە بەرهەمی (عەلی حاتەمی)یە. ئەم فیلمە من کڕیومە و نیشانی منداڵەکانم داوە. ئەم فیلمە نموونەیەکی زۆر زۆر جوانی ئامانجدارییە. چیرۆکەکە بەو شیوەیەیە کە کەسێك بە ناوی حەسەنە کەچەڵ کە موو بەسەریەوە نەبوو، عاشقی (چل پرچ) دەبێت، واتە زۆر قژی پڕ بووە، دەرهێنەر

لەو فلمەدا بە وردی ناکۆکی و دژیەکییەکان نیشان دەدات.

پاشان حەسەنە کەچەڵ دەچێت بۆ داوای چل پرچ، پێی دەڵێن تۆ و چل پرچ!! گاڵتەی پێ دەکەن. ئەویش دەڵێت چی بکەم تا بە چل پرچ بگەم؟ دەڵێن تۆ دەبێت بخوێنیت، وانە فێر ببیت، شیعری عاشقانە بڵێیت. دەچێت بۆ قوتابخانە، لەبەر ئەوە نا کە فێری شیعر بێت، لەبەر ئەوەی بە چل پرچ بگات. دەچێتە سەر شەقامەکان گاڵتەی پێ دەکەن، سەرکۆنەی دەکەن، دەڵێن حەسەنە کەچەڵ عاشقی چل پرچ بووە!! چ شتێک ئەم توانایە لەم پیاوەدا بەدی دەهێنێت کە داوای ئەم کچە بگات؟ چی؟ وەڵامەکەی با لای خۆتان بێت، دواتر پێتان دەڵێم چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم پیاوە بڕوا بۆ قەڵایەك، کە قەڵاکە زۆر بەرزە و دێوێکیش خاوەنەکەیەتی، کەچی دەڵێت شاخی دێوەکە دەشکێنم.

یەکێك دێت یارمەتیی دەدات، پێی دەڵێت من هاوزادی تۆم، بە مەرجێك یارمەتیت دەدەم بە چل پرچ بگەیت ئەویش ئەوەیە کاتێك پێی گەیشتی گیانت بدەی بە من تاکو لەو دنیاوە بتوانم بێمە ئەم دنیاوە، حەسەنە کەچەڵ چی بڵێ؟ دەڵێت ئەگەر ڕاست بکەیت دەتدەمێ باشە. چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم گیانی دابنێ تا بە چل پرچ بگات؟!



Scanned by CamScanner

رۆژێك هاوزادەكەی دەیبات بۆ لای كچێكی جوان، پێی دەڵێت سەیركە ئەمە جوانە، ناسكە، سپییە، حەسەنە كەچەڵ دەڵێت نا، من ئەمەم ناوێت، چل پرچم دەوێت، لەبەر ئەوە نا كە ناشیرینە، من چل پرچم دەوێت.

ئەو كەسەی بەدوای ئەسڵدا دەگەڕێ، ڕێز لە خۆی دەگرێت، دەزانیت چی دەوێت. لەو ڕێگەیەی پێیدا دەڕۆن، ساختەی زۆر دەخەنە بەردەمتان، ئەو كەسانەی ڕێز لە خۆیان ناگرن و باوەڕیان بە خۆیان نییە، ساختەكە هەڵدەگرن.

دنیا فۆڕمێكی زۆر سەیری هەیە، ئەگەر بە كەمتر لەو شتەی كە دەتەوێت، ڕازی نەبیت، ناچارە ئەو شتەت پێ بدات.

حەسەنە كەچەڵ دەچێتە پشت دیواری قەڵاكە و دەنگی چل پرچ دەبیستێ و تاسەی زیاتر دەبێت. دەرگای قەڵاكە دەكەنەوە و دەچێتە ناو قەڵاكەوە، لەناكاو دێوەكە دەرەكەوێت بە گورزەكەیەوە، لەو كاتەدا ئەگەر حەسەنە كەچەڵ كەسێكی ئاسایی بێت، چی دەكات؟ ڕادەكات، بۆچی؟ چونكە دەڵێت نالۆژیكییە من شەڕ لەگەڵ ئەوەدا بكەم! ڕاستەكات گورزەكەی زۆر گەورەیە و پێی ناوێرێت، بەڵام چی دەبێتە هۆی ئەوەی بەرانبەر ئەم دێوە ڕاوەستێ؟ چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی بڕوات و لە حەوزی



Scanned by CamScanner

ئاوەکەدا شووشەی تەمەنی دێوەکە هەڵبگرێت؟ شووشەی تەمەنی دێوەکە هەڵدەگرێت بیشکێنێت، پێی دەڵێ مەیشکێنە، دەڵێ دەیشکێنم، دەیشکێنێت و دێوەکە دەبێت بە هەڵم و نامێنێت.

هەموو ئەو کێشانەی لەسەر ڕێگەتاندایە، هەموو ئەو شتانەی بەربەست و ڕێگرن، دیوارن، دێون، لەمپەرن، هەموو ئەوانە لە بەرانبەر شتێکدا چۆک دادەدەن، (عاشقبوونی ئامانج).

عاشقبوون خەرجی دەوێت، ئەو وڵاتانەی کە سەرکەوتوون، گیانیان بۆ داوە، کاتیان بۆ داناوە، کاریان کردووە، هەوڵیان داوە، وردە وردە بوونیادیان ناوە. تۆ ئەگەر لە یەکێك لە شەقامەکانی ڤانکوڤەردا یان هەر شارێکی دیکەدا شتێك فڕێ بدەیت، هەڵیدەگرنەوە و ئاگادارت دەکەنەوە، شەڕت لەگەڵ ناکەن، بەڵام ئاگادارت دەکەنەوە. ئەگەر کەسێك خراپ شۆفێری بکات، ژمارەکەی دەگرن و دەیدەن بە پۆلیس. یەکێك لە هاوڕێیانم لە وڵاتی ئەڵمانیایە، وتی: "ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوسەرەکەم دەڕۆیشتین کیسەیەك خشت و خۆڵمان پێ بوو، ئەو کیسە خۆڵەی پێم بوو کردمە ناو سەبەتەیەکی خۆڵەوە، دوای چەند ڕۆژێك نامەیەکمان بۆ هات، چونکە بە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەدا دەیانزانی ماڵت لە کوێیە، وتیان وەرە بۆ بنکەی پۆلیس، چووم بۆ بنکەی پۆلیس،



Scanned by CamScanner

وتیان تۆ کیسەیەکی خۆڵت لە تەنیشت سەتڵێکی خۆڵەوە داناوە، وتم نا من کردوومەتە ناو سەتڵی خۆڵەکەوە، وتیان نا ڕاپۆرتیان داوە کە نەتکردووتە ناو سەتڵەکەوە، ئەوەش سزاکەتە".

نموونەیەك هەیە هی سی، چل ساڵ لەمەوبەرە: کە لەو سەردەمەدا گەنجێك شتێکی فڕێ دابوو، پیرەژنێکیش لەرزە لەرز بەدوای گەنجەکەدا ڕایکردووە و گۆچانێکی بە سەریدا کێشاوە، گەنجەکە ئاوڕی داوەتەوە و وتوویەتی چییە، بۆ وادەکەی؟! پیرەژنەکە پێی وتووە: "من گەنجێتیم لەپێناو بنیاتنانی ئەڵمانیا سەرف کردووە، مافی ئەوەت نییە پیسی بکەیت، بڕۆ هەڵیبگرەوە". گەنجەکە هەڵیگرتووەتەوە و خستویەتیە ناو سەتڵەکەوە. ئەوان ئاوا ئەڵمانیایان دروست کردووە!

دەبێت بەرپرسیارێتی قبووڵ بکەین، ئەشقمان بۆ ئامانجەکانمان هەبێت. لە بیرتان بێت ئاوەدانکردنەوە و دروستکردن کارێکی قورس نییە، هەر کەس هەوڵ بدات بوونەوەرێکی باشتر بێت، ئەمە گەورەترین ڕێگەی خزمەتە بە وڵات. تەنیا هەوڵبدە کەمێك باشتر بیت، هەر ئەوە، بە کەمێك یارمەتیی تۆ، دنیا دەبێتە شوێنێکی باشتر. هێندە قورس نییە، کاتێکیش ئەم کارە دەکەیت کە خۆتت خۆش بووێت، کاتێك سەرکەوتوو دبیت کە خۆت بە شایستە

بزانیت.

لێرەدایە کە ئەم ڕاهێنانە موعجیزە ئاسایەی مەکتەبی کەماڵ دێتە ئاراوە، بە تەسبیحێك کە ئامرازێکی سادە و بەردەستە، هەموو ڕۆژێك بەیانی بەر لەوەی لە جێگەت بێیتە دەرەوە، نیوەڕۆ، شەو بەر لەوەی کە بخەویت، بڵێ (من خۆمم خۆش دەوێت، من خۆمم خۆشدەویت...). حەسەنە کەچەڵ خۆیی خۆش دەویست کە عاشقی چل پرچ بووبوو، ئەگەر لەگەڵ خۆیی خۆشنەویستایە، خۆیی بە شایەنی چل پرچ نەدەزانی.

ڕۆژی سەد جار بە خۆت بڵێ، من خۆمم خۆش دەوێت، کاتێك لەوە تەواو بوویت، بڵێ (من خۆشەویستم، من خۆشەویستم، من خۆشەویستم... ). کاتێك خۆت بە شایستە زانی، کاتێك باوەڕت بە خۆت کرد، ئامانجەکانیشت لەگەڵیاندا دەگۆڕێن. ئەو کەسەی خۆی خۆشناوێت خۆی بە شایستەی سەرکەوتن نازانێت.

هەر مرۆڤێك تەنیا یەك دەرفەتی هەیە کە پێی دەڵێن تەمەن، یەك وزەی هەیە و یەك بیرکردنەوەی هەیە. هەمیشە بە خۆتان بڵێن: "من تەنیا یەك بیرکردنەوە و یەك وزە و یەك دەرفەت یان کاتم هەیە". ئەمەیە.

لە بیرتان نەچێت ئەگەر لە سەرتاندا وتتان کاکە گیان ئاخر



Scanned by CamScanner

دەزانی فلان وڵات وا دەکات، فیسار وڵات ئەمە دەکات، فاتیحە بۆ بیرکردنەوە و کات و وزەت بخوێنە، چۆن دەتەوێت بە ئامانجەکەت بگەیت کاتێك هیچت نییە؟!

هەر کاتێك جگە لە بیری مەعشوقەکەت، بیرێکی تر هاتە سەرتەوە، هەر کاتێك هزر و ڕەفتارێك جگە لە خواستەکەت هاتە بوونتەوە، لە ئامانجەکەت دوور دەکەویتەوە. تەنیا یەك ڕێگە هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەیانی تا شەو، شەو تا بەیانی، لە تاسەیا بسووتێیت، تەنیا بیر لە ئامانجەکەت بکەرەوە، تەنیا بەم شێوەیە بە خواستەکەت دەگەیت.

یەك دەرفەتت هەیە، هەندێك کەس بە یەك دەرفەت، بە بەرزترین پلەکانی ژیان و خۆشبەختی دەگەن، هەندێك کەسیش هەر بەو یەك دەرفەتە تا کۆیایی تەمەن حەسرەت دەخۆن و شەو و ڕۆژ دڵەڕاوکێیانە.

مەگەر ئەو کەسانەی خۆشبەخت نین، کەسانێکی خاوەن هزر نین؟ بەڵی هەن، بەڵام بە هەڵە بیر دەکەنەوە. ئەو هێز و دەسەڵاتە لە دەستی من و تۆدایە، کەواتە ئەو یەك بیرکردنەوە و یەك وزە و یەك دەرفەتەت دابنێ بۆ مەعشوقەکەت، بۆ خواستەکانت، بۆ ئەو ئامانجە کە نوسیووتە.

جگە لە ئامانجەکەت، بیر لە هیچ شتێکی تر مەکەرەوە. من

کە بەیانی لە خەو هەڵدەستم، بەو نیازەوە لە خەو هەڵدەستم کە

مەکتەبی کەماڵ پەرە پێ بدەم، شەویش کە دەخەوم بیر لە هیچ

شتێکی تر ناکەمەوە، هەر کارێکی تریش کە دەیکەم بۆ گوزەرانی

ژیانمە بۆ ئەوەی زووتر بەم خواستەم بگەم.

هەموو کەسە سەرکەوتووەکان لە یەك شتدا هاوبەشن، ئەویش

(خۆبەدەستەوە نەدان)ە. هەرگیز تەسلیم نابن تا بە خواستەکانیان

دەگەن. لە بیرتان نەچێت مەبەست هەنگاونانە، مەبەست ڕێگەیە،

تۆ ڕێگەکان نازانی، بەڵام دەبێت بە ڕێگادا بڕۆیت، ڕێگە خۆی

پێت دەڵێت کە چۆن بڕۆیت، گرنگ ئەوەیە کە پلیکانەی یەکەم

ببڕیت، گرنگ نییە چەند پلیکانە دەچیتە سەرەوە، پلیکانەی

یەکەم ببڕە.

ئێستا ئیشی بۆ بکە و مەترسە، مەترسە لەوەی سەرکەوتوو

دەبیت یان نا. دەڵێن (ئەوەی ڕەنج نەکێشێت، گەنجی دەست

ناکەوێت)، من باوەڕم بەم قسە نییە، ڕەنجێك لە ئارادا نییە، بەو

مەرجەی کارەکەتت خۆش بووێت. مەجنوون ڕەنجی نەدەکێشا،

هەمووی چێژ بوو، حەسەنە کەچەڵ چێژی لە سەفەرەکەی

وەردەگرت و پرسیاری دەکرد و ڕێگەی دەدۆزییەوە، کاتێکیش



Scanned by CamScanner

مەعشوقەکەی دەدۆزێتەوە، دەڕوات بۆ گۆڕستان و دەڵێت من ئامادەم بمرم، هاوزادەکەی پێی دەڵێت تۆ شایستە تریت، تۆ دەبێت لە دنیادا لەگەڵ چل پرچ بمێنیتەوە.

هەمیشە هەر وایە، هەمیشە کێشەکان خۆیان بە گەورە نیشان دەدەن، بەڵام باوەڕ بکەن هەموویان بەتاڵن، زەینی ئێمەیە کە کێشەکان دروست دەکات. مەترسن لە کێشەکان، کێشەکان لە ناوەڕۆکدا بەتاڵ و پووچن. ئەو شتە سەیر و ترسناکە یەک ساتە، دەبێت پێیدا تێپەڕی، ئەمەش تەنیا عەشق پێتان دەڵێت.

عەشق هیزێکی نەبڕاوەیە کە ئێمە بە خواستەکانمان دەگەیەنێت، عەشقی ئامانج، عەشقی ئەو کەسەی کە مەبەستمانە، عەشقی ئەو بابەتەی مەبەستمانە، ئەو عەشقەی لە خۆمانەوە دەست پێ دەکات.

یەکێك لەو ئازیزانەی کە مامۆستای سەرەتایی من بوو، ئەو کەسەی یەکەم تامی عەشق و دڵنیایی پێ چەشتم، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ئەو کەسم لەدەست دا، ئەویش دایەگەورەم (سوهرا خەلیلی) بوو. ئەمڕۆ کە ئێوە لێرەن، بزانن کە ئاکامی ڕەفتاری ئەو لە منداڵیمدا، ئەم (مەحموودی موعەزەمی)یەی دروست کردووە. لە بیرتان نەچێت هەمووتان دەتوانن (سوهرا خەلیلی)یەك

بن بۆ چواردەورتان، تەنیا بڕیار بدەن ئەم جیاوازییە بەدی بهێنن، ئەمەش کاتێك دەست پێ دەکات کە باوەڕ بە خۆت بکەیت، ئەگەر باوەڕ بە خۆت بکەیت، تۆ دەتوانیت دنیا بەرەو پێش ببەیت و لەم باوەڕە هەڵەیە بێبیتە دەرەوە کە من لە بنی چاڵەکەدام و مەزڵوومم و ئەوانیتر زاڵم.

ئەو وانەی ئازایەتیی فێر کردم، عەشقی پێدام لە کاتێکدا کە من لە ئۆقیانووسی پڕ شەپۆلی ژیاندا بووم، وەك دوورگەیەکی بچووك منی خستە سەر دەستی خۆی و هەستی خۆشەویستیی پێدام. کاتێك تەمەنم بوو بە شەش ساڵ، بردمی بۆ قوتابخانە، وانەی پێدام و فێری عەشقی کردم.

ئەمەتان لەو رووەوە پێ دەڵێم کە بزانن لە پشت سەری هەموو کەسێکی سەرکەوتووەوە ملیۆنان مرۆڤ هەن، نەك تەنیا هاوسەرەکەی، نەك تەنیا باوکی یان دایکی، ملیۆنان مرۆڤ هەن، هەندێکیان دەناسین و هەندێکیان ناناسین.

دەتوانن هەر کارێك بکەن، ئەگەر من توانیومە لە شیرینی فرۆشتن و گەنمەشامی برژاندنەوە بگەم بەوەی بچم بۆ کەنەدا و لەوێ کۆمپانیا دابنێم و ئێستاش لە خزمەتی ئێوەدام، کەواتە هەموو کارێك دەکرێت، تەنیا شتێك کە لەم دنیایەدا مەحاڵە، خوودی مەحاڵە.

شاد و سەربەرز بن، خواتان لەگەڵ.



Scanned by CamScanner




بەرگ: ئیبراهیم صالح

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ( ٢٥٠٠ )دینار

Scanned by CamScanner